دێمۆکراسی بۆ ئێران خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

۱۵ی پووشپەڕی ۱۳۸۲ | ٦ی ژووئیەی ۲۰۰۳ | ژمارە ۳٦۸ | ۱۵۰ تمەن

## چاوپێکەوتنی هەیئەتی پارلمانی سوئێد لە دەفتەری سیاسیی حیزب

سەعات ۷/۵ ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی ۸ی پووشپەڕی ۱۳۸۲ی هەتاوی هەیئەتێکی پارلمانی سوئێد سەر بە حیزبی سەوزەکانی ئەو وڵاتەو پێك هاتوو لە بەڕێزان: پیر گارتون (Per Garton) ئەندامی پارلمانی ئورووپا، گۆستاو فریدلن (Guetav Fridalin) ئەندامی پارلمانی سوئێدو جەببار ئەمین ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی سەوزەکانی سوئێد، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی کردو لەلایەن بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازیی لێ کرا. لە دیداری هەیئەتەکە لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبدا کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە مەسەلە سیاسییەکانی ناوچەو پێوەندییەکانی نێوان حیزبی سەوزەکانی سوئێدو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوتنە بەباس.

# ۱۸ی پووشپەڕی ۷۸ سەردێڕێکی خوێناویی دیکە بوو لە مێژووی خەباتی خوێندکارانی ئێراندا



## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە وتووێژ لەگەڵ فایناشناڵ تایمزدا:



پتر لە بیستو چوار ساڵە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، ۲٤ ساڵ زیاترە ئێمە داوای گۆڕینی ئەو ڕێژیمە دەکەین. هەوڵێکی زۆریشمان داوە هەم ئورووپاییەکان، هەم ئەمریکاییەکانو هەم دنیای دەرەوە بەگشتی قبووڵ بکەن کە ئەو ڕێژیمە قابیلی ئیسلاح نیە، ڕێژیمێک نیە نە لە ئێراندا ئازادی بدا، نە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا بتوانێ خۆی بگونجێنێ، ئێستا خۆشحاڵین کە ئەمریکاییەکانیش بەرە بەرە گەیشتوونەتە ئەو نەزەرە. ئەوەی بە ئاڵوگۆڕێکی "مثبت" دەزانین. چونکە ئەو ڕێژیمە زۆری پشتیوانیی خارجیی لە پشت بوە کە توانیویەتی لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ.

حیزبی دێموکرات وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەراسەری دەجووڵێتەوەو بە تەنیا خۆی کار ناکا. ئێمە سەعی دەکەین بەو جۆرە کە خەڵک دەیانەوێ تێیدا بەشدار بینو تێیشیدا بەشدار دەبین.

بە ئینسافەوە دەڵێم هەر ئەوە کە ئێستا ئەمریکا باس لە حکوومەتی ئێران دەکاو ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرێ کە خوێندکاران سەرکوت دەکا، "تأثیر"ێکی مەعنەویی لە سەر ورەی خەڵکی ئێرانو بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا لە مەیداندا هەن، داناوە.

سەرەتای ئەم مانگە گارت سمیت هەواڵنێری ڕۆژنامەی "فایناشناڵ تایمز" وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێك هێنا. ناوبراو لەو وتووێژەدا چەند پرسیارێکی لەگەڵ بەڕێزیان هێنایە گۆڕێ کە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە لە لاپەڕە ٤ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا خراوەتە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

## بزووتنەوەی خوێندکاری و ۱۸ی پووشپەڕ

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕەوتی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێراندا هەمیشە نەخشێکی بەرچاو و کاریگەری هەبوە. سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەمی ئاشنا بوونی لاوانی وڵاتەکەمان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی جیهانی پێشکەوتوو و دامەزرانی زانستگەو دامەزراوە خوێندکارییە جۆراوجۆرەکان لە ئێراندا.

زیاد بوونی ژمارەی زانستگەکان لە ئێرانو چوونەسەری ڕێژەی خوێندکاران لە وڵاتدا لەلایەكو ئەو کەشوهەوا نیوە ئازادو دەڵەمەیەی کە پاش دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاشا پێك هات، لەلایەکی دیکەوە، دەرەتانێك بوون بۆ گەشەکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا. هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەم پاش هاتنە سەرکاری حەمە ڕەزاشا ئەم ئازادیو دەرەتانە بەرتەسکەش لەنێو براو خوێندکاران لەگەڵ گیرانو زیندانو زانستگەش لەگەڵ بێحورمەتی بەرەوڕوو کرانو ڕووداوی خوێناوی ۱٦ی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۳۲ی هەتاویی لێ کەوتەوە کە دواتر وەك ڕۆژی خوێندکار ناودێر کرا، بەو حاڵەش بزووتنەوەی خوێندکاری نەك لەنێو نەچوو، بەڵکوو پێبەپێی چوونەسەری ڕادەی زانیاریی خوێندکاران، زیاتر بوونی زانستگەو ناوەندە خوێندکارییەکان لە وڵاتدا گەشەی کردو لە هەر بڕگەیەکی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا نەخشی شیاوی خۆی بینی. بەتایبەتی کە خەباتی دژی ئیستیبدادیو لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی تا ڕووخانی ئەم ڕێژیمە لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاویدا بوو بە جێگای هیواو هومێدی خەڵکی ئێران.

۲

## چەند هەواڵ لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی وڵاتەوە

• سەعات ۱۰ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ۱۲ی پووشپەڕ ژمارەیەك لە لاوانی تاران لە مەیدانی ئینقلابو دەوروبەر خەریکی دروشم نووسین دەبن کە لەلایەن هێزە بەناو ئەمنییەتییەکانەوە پەلامار دەدرێن. لاوەکان تەسلیم نابنو دیفاع لە خۆیان دەکەن. لە ئاکامدا خەڵکێکی یەکجار زۆر بۆ دیفاع لە لاوەکان دەڕژێنە مەیدانو لەگەڵ هێزە سەرکوتکەرەکان دەرگیر دەبن. ئەم ئاڵۆزییە هەتا نیزیك سەعات ۱۲ی شەو درێژە دەکێشێ.

• بە پێی هەواڵێکی دیکە ڕێژیم بۆ بەرەنگار بوونەوەی خۆپێشاندەران لە ساڵڕۆژی ۱۸ی پووشپەڕدا هێزێکی زۆری لە شارە جۆراوجۆرەکانەوە هێناوەتە تاران. بەو حاڵەش خەڵکی تارانو بەتایبەتی لاوان بڕیاریان داوە ئەم یادە زۆر بە شکۆوە بگرن.

• بە پێی هەواڵێکی دیکە کە لە هێندێك لە شارەکانی کوردستانەوە گەیشتوە. زۆر لە مەئموورانی بەکرێگیراوی ڕێژیم لە کوردستان کەوتوونەتە فرۆشتنی ملكو خانووی خۆیان بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاپەڕیندا خۆیان لە دەستی ڕقی خەڵك ڕزگار بکەنو هەڵێنەوە شارەکانی خۆیان. لەوەش زیاتر، خەبەر هەیە کە هێندێ لەکاربەدەستە پایەبەرزەکانی ڕێژیم لە تاران دەستیان کردوە بە فرۆشتنی ئەملاكو ناردنی بنەماڵەکانیان بۆ دەرەوە، ئەویش هەر لە ترسی ڕقی پیرۆزی خەڵك لە ڕۆژی ڕاپەڕیندا.

• بە پێی هەواڵێك دیکە لە تەورێزەوە زۆر لە خوێندکارانی زانستگەی تەورێز گیراون کە لەنێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو خوێندکاری کورد هەن. بە تایبەتی حەوتووی ڕابردوو سێ خوێندکاری کوردی زانستگەی تەورێز گیراون. کاتێك کەسو کاریان موراجەعەی کاربەدەستانیان کردوە تا خەبەرێکی ئازیزەکانیان بزانن پێیان گوتوون: بڕۆن تا چوار مانگی دیکە هەر لێیان مەپرسنەوە. دیارە لە زۆر زانستگەی دیکەش خوێندکارانیان گرتوە بۆ ئەوەی پێشی خۆپێشاندانی ۱۸ی پووشپەڕ بگرن. ناوی ئەو سێ خوێندکارە کوردە ئەمانەیە: ۱ـ پەیام نوورانی (دانشجوی اقتصاد) خەڵکی بۆکان، ۲ـ هەمزە ئەکبەری (دانشجوی تربیت بدنی) خەڵکی



بۆکان، ۳ـ ئەمیر غەمدیدە (دانشجوی فلسفە) خەڵکی سەقز.

• هەروەها لە تارانەوە خەبەر دەگا کە پاش مانگرتنی خوێندکارانی زانستگەی شیراز لە ڕۆژی ۱۱ی پووشپەڕەوە خوێندکارانی دوو زانستگەی شەهید ڕەجاییو عەلامە تەباتەباییش مانیان لە خواردن گرتوە.

## ئۆسامە بن‌لادن لە ئێران بووە



ڕێکخراوی ئەمنییەتی نیزامیی ئیتالیا، سیزنی، کە سەربە وەزارەتی نێوخی ئەو وڵاتەیە، لە دوایین ڕاپۆرتیدا بۆ دەوڵەتو کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی نەتەوەیی پارلمانی ڕۆم، نووسیویەتی کە ئوسامە بن‌لادن ئەفغانستانی بەجێ هێشتوە. لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا کە لەم ڕۆژانەدا لەلایەن دەوڵەتو پارلمانو سێناوە کەوتۆتە بەرباسو هەڵسەنگاندن باس لەوە کراوە کە لە کۆتایی مانگی مەیدا ئوسامە بن‌لادن لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانو لەوێش لە تاران بوە.

وەك ڕێکخراوی ئەمنییەتی نیزامیی ئیتالیا دەڵێ، ئوسامە بن‌لادن لە تاران چاوی بە حەوت کەس لە ئەندامانی پایەبەرزی ئەلقاعیدە کەوتوەو لە وتووێژەکانیاندا ئەنجامدانی کردەوەی خراپکارانە لە چەند وڵاتدا بۆ وێنە لە ئیتالیا کەوتۆتە بەرباسو ڕاوێژی لەسەر کراوە. بە پێی ئەو زانیارییانەی ڕێکخراوی ئەمنییەتی نیزامیی ئیتالیا داویە بە دەوڵەتی ئەو وڵاتە، لەو کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو بریتانیا، ناوی چەند وڵاتی ئورووپاییو ئاسیاییش وەك ئیتالیا، پاکستانو تورکیە هاتوە کە دەبنە ئامانجی داهاتووی [کردەوەکانی] ڕێکخراوی ئەلقاعیدە.

ڕێکخراوی ئەمنییەتی نیزامیی ئیتالیا وریایی دا کە ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە پاسپۆرتی ئێرانی بەناوی خوازراویان پێیەو دەیانهەوێ وەك بازرگان لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وڵاتانی ئورووپایی سەفەر بکەن. لەو ڕاپۆرتەدا هەروەها ئاماژە بە دوو کەس بەناوەکانی خالید ئەمینو مووسا جابر کراوە کە گۆیا بڕیار وایە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا بە کەڵك وەرگرتن لە پاسپۆرتە ئێرانییەکانیان بچنە ئورووپا. لە ۲۰ ڕۆژ لەوە پێشەوە هەموو ئەو موسافیرە ئێرانی یا خاریجییانەی لە تارانەوە بەرەو ئیتالیا سەفەر دەکەن، لە فرۆکەخانەی ڕۆمو میلان بە توندی بەهۆی مەئموورە سنوورییەکانەوە کۆنتڕۆڵ دەکرێنو بەر لەوەی ئیزنی چوونە ناو خاکی ئیتالیایان پێ بدرێ، لێپرسینەوەیان لێ دەکرێ.

سەرچاوە: رادیو فردا


| | |
|---|---|
| بزووتەوەی خوێندکاری، پەرەئەستاندنی خەباتو رادیکالیزە بوونی دروشمەکان | ۲ |
| پێوەندیی دینامیکیی بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان | ۳ |
| قانوونداندەران دەڵێن کاربەدەستانی ئێران وەلانێن | ۸ |
| هاودەنگیی وڵاتانی جیهان لەپێناو ناچار کردنی ئێران بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆژە ناوکییەکان | ۸ |
| کۆماری ئیسلامی چەندە لە خەبات دژی مەوادی موخەددیردا شێلگیرە | ۹ |
| قوتابیانی ئەمرۆو ئەرکی گرینگی بەردەمیان | ۱۰ |
| قسە لە لێك هەڵوەشانی وڵات، سەرپۆشێك بۆ پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکان | ۱۰ |

**درێژەی لاپەڕەی یەك**

پاش نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی‌و دوای بە تاڵان چوونی دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لەلایەن تاقمێك ئاخوندی دەسەڵات پەرستەوە کە دامەزراندنی ڕێژیمێکی کۆنەپەرست‌و دیکتاتۆری‌یەکی ڕەشی تری لێ کەوتەوە بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ وەزعێکی دژوارو تایبەتی بەرەوڕوو بۆوە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە دەیانزانی ئازادی، دێمۆکراسی‌و مافی مرۆڤ لەلایەی ئەوان بێ‌بایەخەو لە چوارچێوەی بیری بەرتەسك‌و بۆچوونی دواکەوتووانەی ئەواندا ناگونجێ‌و، هەر لەو کاتەدا لە نەخشی زانستگەو بزووتنەوەی خوێندکارییش ئاگادار بوون، زۆر زوو دەرگای زانستگەکانیان داخست‌و خوێندکارانیان بڵاوە پێ‌کرد بۆ ئەوەی لە ڕەوتی قایم کردنی بناغەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆیاندا لەگەڵ بەرهەڵست‌و بەربەرەکانیی زانستگەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خوێندکاری بەرەوڕوو نەبنەوە. پاش سێ ساڵ‌و بە دوای کرانەوی زانستگەکانیش‌دا ڕێژیم لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگی‌دا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی زانستگەکان کە هەڵگری بیری پێشکەوتنخوازانەو سەربەخۆ بوون لە کار دوور خستەوەو تەنانەت بەرەو تاراوگە پاڵی پێوەنان. ژمارەیەکی زیاتر لە خوێندکارانیشی بە بیانووی جۆراوجۆر لە درێژەدان بە خوێندن بێ‌بەش کردو بۆ ئەوەی ڕەوتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە بەربەرەکانیەوە بەرەو لایەنگری لە ڕێژیم هەڵگێڕێتەوە، کەوتە دامەزراندن‌و پێکهێنانی ڕێکخراوە خوێندکاری‌یە ئیسلامی‌یەکانی سەربەخۆی تا خوێندکاران ناچار بکرێن لەو جۆرە ڕێکخراوانەدا چالاکی بنوێنن‌و بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن کە ڕێژیم دەیهەوێ. بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە زانستگەش‌دا گەلێك مەرج‌و پێوانەو پاڵوێنەی ئەوتۆیان دیاری کرد کە زیاتر کەسانی سەر بە ڕێژیم بگرێتەوەو خوێندکارانی سەربەخۆی لێ بێ‌بەش بکرێن.

لە چوارچێوەی شۆڕشی بەناو فەرهەنگی‌و یەکیەتیی حەوزەو زانستگەدا بۆ سەپاندنی بیری تەسك‌و بۆچوونی دواکەوتووانەی ڕێبەرانی ڕێژیم هەوڵێکی زۆر دراو کارێکی بەردەوام کرا. بە سەرهەڵدانی ئیسلاح تەڵەبانی نێو دەسەڵاتدارەتی کە بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هێندێ دروشمیان هەڵگرتن‌و پێشنیاری هێندێ ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتییان کرد، هەوڵ درا ئەو بەشە لە خوێندکارانی نارازی لە چوارچێوەی ئەو بیرەدا بگیرسێننەوەو ئەوەی لە بەشێکی دەسەڵاتدارەتی دەتەکێتەوە، لە دەوری بەشەکەی دیکەی‌دا خۆی ببینێتەوەو لە ئاکام‌دا دروشمی بزووتنەوەی خوێندکاری لە جەغزی لایەنگری لە ڕێژیم یان لانی زۆر پێك هاتنی ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتی لە ڕێژیم‌دا درنەچێ. بەڵام بێ باوەڕیی ئیسلاح تەڵەبان بە ئاڵوگۆڕی واقیعی‌و بنەڕەتی‌و پێش‌گرتنی قۆڵی تەواوخواز بە چوونەپێشی ڕەوتی ئیسلاحاتی ڕواڵەتیش کارێکی وایان کرد کە هەم ئەو ڕەوتە بە بوونبەست بگاو هەم ناهومێدی ڕوو لە لایەنگرانی قۆڵی ناسراو بە ئیسلاح تەڵەب بکا. ئەوە دەرەتانێك بوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە گەمارۆی ڕێژیم‌و ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکانی بەستراوە بە ڕێژیم دوور بکەوێتەوەو ڕەسەنایەتیی خۆی وەدەست بێنێتەوەو ڕێگا دروستی خۆی بگرێتەوە بەرو نیشان بدا کە لەنێوان ئیسلاح‌خوازیی واقیعی‌و بنەڕەتیی خوێندکاران‌و دەوڵەتی خوازیاری ئیسلاحاتی ڕەواڵەتی ئەویش بە مەبەستی مانەوەی ڕێژیم، جیاوازی‌یەکی تەواو هەیە. ئەوە بوو کە بزووتنەوەی ڕەسەنی خوێندکاری بە بژار کردن‌و توور هەڵدانی ئەو بەشە کەمە لە خوێندکارانی پەسن بێژی ڕێژیم جارێکی دیکە ریسالەتی ئەسڵیی خۆی خستەوە سەرشان‌و ئەم راستی‌یەش لە خۆپێشاندانی شەوی پێنج شەممە ١٧ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی خوێندکارانی زانستگەی تاران لە کووی زانستگەو بە ئیعتراز بە گۆڕینی یاسای چاپەمەنی‌و داخرانی ڕۆژنامەی "سلام"دا بە هەموو خەڵکی ئێران‌و بیروڕای گشتیی جیهانی نیشان دا. هەربۆیەش ڕۆژی ١٨ی پووشپەر هێزەکانی کۆنەپەرستی هێرشیان بردە سەر کووی زانستگەو بێ بەزییانە کەوتنە گیانی خوێندکارانی کوڕو کچ، ژمارەیەکیان لێ بریندارو ژمارەیەکی زیاتریان لێ دەسگیرو زیندانی کردن‌و چەند خوێندکاریشیان شەهید کرد.

# بزووتنەوەی خوێندکاری‌و ١٨ی پووشپەڕ



حەرەکەتی ئیعترازیی ١٨ی پووشپەڕی خوێندکارانی تاران کە بۆ زۆر لە زانستگەکانی وڵات تەشەنەی کردو تا ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی خایاند، نوختە بەرزی حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی بزووتنەوی خوێندکاری لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا بوو کە خاوەنی چەند تایبەتمەندی بەرچاو بوو. ئەو حەرەکەتە جگە لەوەی زۆر لە زانستگەکانی وڵاتی گرتەوە، لە هەر شارو شوێنێکیش کە خەڵك دەرەتانیان هەبوو پشتی ئەو حەرەکەتەیان گرت‌و لە راستی‌داو بەکردەوە بوو بە حەرەکەتێکی خەڵکی‌و خوێندکاری. دروشمەکانی ئەو حەرەکەتە تەنیا دەربڕی داخوازە سینفی‌و خوێندکاری‌یەکان نەبوون، بەڵکوو داخوازە ئەسڵی‌و ئەساسی‌یەکانی هەموو خەڵکی ئێرانیان لە خۆ گرتبوو و کۆماری ئیسلامییان لە تەواوەتی خۆیدا ڕەت دەکردەوە. هەرچەند ئەو حەرەکەتە ئەسیلە بە بەجێگەیاندنی ئەو ریسالەتە لەلایەن خوێندکارانی وڵاتەوە بە توندترین شێوە سەرکوت کرا، بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری بە ساغ بۆوەیی‌و رووسووریی لێی هاتەدەرو ریسوایی‌یەکی دیکەی لە کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی‌دا تۆمار کرد. بەتایبەت کە دواترو لە ڕەوتی موحاکەمەی تاوانبارانی ئەم ڕووداوەدا بە بەرچاوی خەڵکی ئێران‌و جیهانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشکەران‌و تاوانبارانی ئازادو تەنانەت خەڵاتیش کرد، بەڵام لە بەرانبەردا خوێندکارانی زوڵم لێکراو و حورمەت شکێندراوی لە زینداندا هێشتەوەو حوکمی زاڵمانەو زیندانی درێژخایەنی بە سەردا سەپاندن کە بەشێکیان ئێستاش هەر لە زیندان دان.

بەرینی‌و بەربڵاویی حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکەی ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی بزووتنەوەی خوێندکاران‌و ئەو تایبەتمەندییانە کە ڕەسەنایەتیی زیاتریان بەو بزووتنەوەیە بەخشی، هەڵدەگرێ کە هەموو ساڵێ یادی بکرێتەوەو ڕێز لە بزووتنەوەیەك بگیرێ کە ئەو حەماسەیەی خوڵقاندو هیواو هومێدێکی زیاتری خستە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمانەوە. بە تایبەت کە ئەمساڵ ئەم یادە لە حاڵێکدا دەکرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گەلێك قەیرانی نێوخۆیی‌و دەرەوەیی بەرەوڕوویەو لە هەردوو بارەوە فشارێکی زۆری خراوەتە سەر.

ئەگەر لە یادکردنەوەی ١٨ی پووشپەڕو ڕێزگرتن لە بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا لاوان‌و خوێندکاران لە سەفی پێشەوەی بەرێوەبردنی ئەو موناسەبەتە دان، کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش پێویستە بە بەشداری خۆیان لەو یادکردنەوەیەدا پشتی خوێندکاران‌و بزووتنەوەی خوێندکاری بگرن، بە یەکدەنگی‌و هاوخەباتی لەگەڵ ئەو حەرەکەتەو ئەو بزووتنەوەیە نیشان بدەن کە دروشم‌و داخوازی‌یەکانی، دروشم‌و داخوازیی هەموو خەڵکی ئێرانن. قوتابیانی وڵات کە خوێندکارانی دوارۆژی وڵاتەکەمانن‌و هەر ئێستاش لەخەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا نەخشی بەرچاویان هەیە، دەبێ پشتی خوێندکاران بگرن‌و شانبەشانی ئەوان لەو یادکرنەوەیەدا بەشدار بن.

لەسەر خوێندکارانی کورد لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان‌و ناوچەکانی دیکەی ئێرانە کە لەو موناسبەتەدا نەك هەر چالاکانە بەشداری بکەن، بەڵکوو مۆرکی کوردیی بەو حەرەکەتەوە بدەن‌و داخوازە ئەسڵی‌یەکانی گەلی کوردی تێ‌دا بەرز بکەنەوە. بەتایبەت کە یادکردنەوە لە ١٨ی پووشپەڕ لە سەروبەندی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر ڕێبەری بزووتنەوەی گەلی کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەو ئەرکە نیشتیمانی‌و نەتەوەیی‌یە بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەوێتە ئەستۆی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش تا بە شێوەیەکی بەرین لەو موناسەبەتەدا بەشدار بن‌و دروشمی لەمێژینەی گەلەکەیان واتە دێمۆکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستانی تێدا بەرز بکەنەوە.

جێگای خۆشحاڵی‌یە کە هەر لە ئێستاوە زۆربەی هەرە زۆری حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌و کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە پێشوازی ئەو یادەوە چوون‌و پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی خوێندکاری‌و حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی دەربڕیوە. بەجێیە کە هاونیشتمانانی دەرەوەی وڵاتیش لە هەر وڵاتو شوێنێك کە هەن لەو یادەدا خاوەن هەڵوێست بن‌و بە هەر شێوەیەك کە بۆیان دەگونجێ یادی ١٨ی پووشپەڕ بکەنەوە. با ئەو یادە ببێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی هەموو ئێرانی‌یەکان چ لە نێوخۆی وڵات‌و چ لە دەرەوەی وڵات لێك نزیك ببنەوەو لە هەلومەرجی ئاستەمی سیاسیی ئەمڕۆی ئێراندا بە کردەوە لە پەنا یەك بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئێستاوە ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازی‌و پشتگیری لەو یادە دەردەبڕێ‌و ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی بزووتنەوەی خوێندکارانیش بە سەرەتایەك بۆ حەرەکەتێکی گەورەترو بەرین‌تری بزووتنەوەی خوێندکاری دادەنێ‌و پشتیوانیی لێ دەکا.

بەو هیوایە ١٨ی پووشپەڕی ئەمساڵ سەرەتای بزووتنەوەیەکی بەرین‌ترو هەمەلایەنەتر بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ‌و ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆرو دژی گەلی‌یە بەدواوە بێ.

***



# بزووتنەوەی خوێندکاری؛ پەرەئەستاندنی خەبات‌و رادیکالیزە بوونی دروشمەکان

**عەولا بەهرامی**

هەروەك لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ڕاپەڕینی خوێندکارانیش‌دا بە ڕوونی پێناسە کراوە، ئەم قۆناغە لە خەبات لە هەموو بارێکەوە وەك قۆناغێکی نوێ‌و سەرفەسڵێکی نوێ لە خەباتی خوێندکارانی وڵات بە دژی سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆریی مەزهەبی چاو لێ‌دەکرێ. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی‌یانەی ڕاپەڕینی ئەم جارەی خوێندکاران چ لەباری نێوەرۆکی دروشمەکان‌و چ لە ئاستی تەنینەوەی بۆ زانستگەکانی ناوچەکانی دیکەی وڵاتەوە، هەیەتی. ئەوەی پێوەندیی بە دروشمەکانەوە هەیە، ئەوەیە دروشمەکان نەك هەر وەك پێشوو لە چوارچێوەی داخوازە سینفی‌و ریفۆرمخوازی‌یەکاندا بەرتەسك نەبوونەوەو ڕووی لە یەکێك لە بەناو قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتدارەتی نیە، بەڵکوو دروشمەکان بە تەواوی دروشمی رادیکاڵن‌و ڕوویان لە سەرجەم دەسەڵاتدارەتی‌و سیستمی حاکم بەسەر وڵات دایەو لەڕاستی‌دا دەربڕی داخوازو ویستە سیاسی‌یەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێرانن.

ئەم تایبەتمەندی‌یە نوێیانەی بزووتنەوەی خوێندکاریی بە ڕاشکاوی نیشانەی کۆتایی‌هاتنی قۆناخێکی چەند ساڵەن کە لەودا بزووتنەوەی خوێندکاری تا ڕادەیەك بە هۆی بە ناو ریفورمخوازانی حکوومەتی‌یەوە لە ڕێرەوی ڕاستەقینەی خۆی دوور خرابۆوەو ڕێگای پێ نەدرابوو دروشمە رادیکاڵەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەم گۆڕانکاری‌یەش کە لە دروشم‌و شێوازی خەباتی خوێندکاراندا پێك هاتوە بە تەواوی سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە لە مێژە هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە سەرووی هەموانەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو نەتەوایەتیی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێمۆکرات سەبارەت بە نێوەرۆکی نەگۆڕو چاکسازی هەڵنەگری ئەم ڕێژیمە پێیان لەسەر دادەگرت.

کەواتە بە بێ هیچ چەشنە دوو دڵی‌یەك دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی نارەزایەتیی ئەم جارەی خوێندکاران بەم سروشتەوە کە هەیەتی، داخوازەکانی بەتەواوی لەگەڵ داخوازو دروشمەکانی هێزە دێمۆکراسیخوازو پێشکەوتوەکانی ئێران کە ڕابردوویەکی تەنانەت زیاتر لە تەمەنی ئەم ڕێژیمەیان لە خەبات‌و بەرەنگاری بە دژی سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری‌دا هەیە، یەك دەگرنەوە. لێرەدایە کە پێویستیی هاوکاریی نزیك‌و هاوهەنگاویی زیاتری بزووتنەوەی خوێندکاریی‌و هێزە ڕاستەقینە، ئازادیخوازو بە ئەزموونەکانی مەیدانی خەباتی دژی دیکتاتۆری زیاتر لە هەرکات خۆ دەنوێنێ. چونکە لە ئاکامی ئەو هاوخەباتی‌و هاوکاریی‌یەی ئازادیخوازانی ئێران دایە کە دەتوانین چاوەڕوان بین بەرەیەکی بەرین‌و خاوەن دروشم‌و بەرنامەی سیاسی نە تەنیا بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە دەسەڵاتدارەتی بەڵکوو بۆ گشت جووڵانەوەی خەڵکی وڵات پێك بێ‌و بەرەیەکی ئەوتۆ کە لە ئێستاوە لە بیری دارشتنی پێکهاتەی سیاسیی داهاتوی وڵات لەسەر بنەما پێشکەوتوەکانی بەڕێوەبەریی‌و دەسەڵاتدارەتی دابێ.

***

پەرەئەستاندنی خەبات‌و رادیکالیزە بوونی دروشمەکانی خوێندکاران‌و پشتیوانیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ڕاپەڕینی ئەوان، دوورە دیمەنی قۆناخێکی پڕ لە بەرەنگاری دەخاتە پێش چاو کە لەوداو لە ئاکامی تەنینەوەو بەرەینبوونەوەی خەباتی خوێندکاران‌و کۆمەڵانی خەڵك‌دا، سەرەڕۆیی فەرمانڕەوا بە پێی ئەو سروشتە دژی گەلی‌یەی هەیەتی، چاوەڕوان دەکرێ دژکردەوەی توندتر لەخۆی نیشان بدا، بەڵام دەتوانین بڵێین قووڵبوونەوەو بەردەوامیی هەرچی زیاتری بزووتنەوەکە کۆتایی حەتمی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی بەدواوەیە، کەواتە نابێ وچان بدەین.

***

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# پێوەندیی دینامیکیی بزووتنەوەی خوێندکاری لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا

عیرفان ڕەهنموون

سیستمی فێرکردن، بەتایبەت سیستمی فێرکاریی باڵا کە خۆی یەکێك لە دەرەنجامەکانی مۆدێرنیتەیە، زەقترین پارادۆکسە بۆ حکوومەتە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکان‌و هەر ئەو سیستمەشە کە ئەو بەرەو قەیرانێکی هەمەلایەنە دەبا.

حکوومەتە سەرەڕۆو دیکتاتۆرەکان بە پێچەوانەی خواستی خۆیان، ناچارن کە دەست بکەن بە دامەزراندنی زانکۆکان‌و پەرەپێدانی ناوەندە بەرەزە فێرکاری‌یەکان. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە راگەیشتن، کۆنترۆڵ‌و چاوەدێری لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان‌دا بەبێ پەرەسەندنی ناوەندە فێرکاری‌یە بەرزەکان کارێکی دژوارو تەنانەت ئەستەمیشە. بەڵام هەر ئەم زانکۆو ناوەندە فێرکاری‌یە بەرزانە بەخێرایی‌یەکی سەرسووڕهێنەر دەبنە ناوەندی ناڕەزایەتی‌یە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یەکان دژی سەرەڕۆیی‌و حکوومەتە دیکتاتۆرو هەڵنەبژێردراوەکان. سەرەکیترین هۆی وەها پرۆسەیەکیش روونە، چونکە سەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری لە تەك زانست، لۆژیك‌و ماریفەت‌دا دژایەتی‌یەکی ریشەیی‌و راستەوخۆیان هەیە. بەم مانایە کە ئاگایی‌و هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە سیستمە دیکتاتۆری‌یەکان بەشێوەیەکی هێزەکی (بیلقوە) لە زانست‌و فێرکردن‌دا شاراوەن‌و لە بەستێنی ئامادەی مێژوویی خۆیان‌دا وەك بزاڤێك بەرەو ئازادی‌و دێموکراسی بەرجەستە دەبن‌و دەگۆڕدرێن بۆ دیاردەیەکی عەینی‌و بەرچاو.

کەواتە زۆر سروشتی‌یە کە زانکۆکان وەك بەیاڤگەلێکی ماریفەتی ببنە ناوەندی سەرەکیی ناڕەزایەتی‌یە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یەکان دژی رێژیمە ئازادی‌کوژو تۆتالیتاری‌یەکان. راست لە وەها بەستێنێك دایە کە دیاردەیەکی نوێ، بەو وزە زۆرو زەوەندەی کە لە ئاخی خۆی‌دا هەڵی گرتوە، لە ژێر ناوی بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا دێتە گۆڕەپانەوەو لە هاوکێشە سیاسی‌یەکان‌دا، کێش‌و رۆڵی گرنگ‌و چارەنووسسازی خۆی دەسەلمێنێ.

هانا ئارنت دەڵێ: "ناڕەزایەتیی خوێندکاران دیاردەیەکی جیهانی‌یە، بەڵام شێوەو رواڵەتی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان‌و زانکۆ جیاجیاکان‌دا وەك یەك نیەو دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش بۆ ئەم بزووتنەوەیە کارێکی دژوارە، بەڵام دەبێ دانی پێ‌دا بنێین کە ئەوەی کە تاکەکانی ئەم نەوەیە لە هەموو جێگایەك‌دا لە رووی دەروونی‌یەوە هاوشێوە پیشان دەدا، بویریی بێ‌ئەملاو ئەولا، ئیرادەی سەرسووڕهێنەر لە کردەوەداو دڵنیایی‌یەکی بێ‌وێنەیە بۆ وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی."

رێژیمە ئیدئۆلۆژیکەکان بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە دەست لە هەموو بەیاڤێکی تاك‌و کۆمەڵگا وەردەن‌و دەیانەوێ کە ئیدئۆلۆژی‌یەکەیان بەسەر واقعییەتەکانی کۆمەڵگاو گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا بسەپێنن. رێژیمی ئیدئۆلۆژیك بە پێویستی دەزانێ کە کۆنترۆڵ، چاوەدێری‌و سانسۆر بخاتە سەر هەموو دەزگا، سیستمە فێرکاری‌و فەرهەنگی‌یەکان‌و ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی لە پاوانی خۆی بگرێ.

حکوومەتی ئیدئۆلۆژیك لە رەوتی بەهێزکردنی پایەکانی خۆی‌دا هەوڵ دەدا ئەو پێکهاتانەی کۆمەڵگا کە لە پێداویستی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە، خاپوور بکاو جیاوازی‌یە نەتەوایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان بسڕێتەوە تا هێزو هێژمۆنیی خۆی لەسەرەوەڕا بەسەر کۆمەڵانی خەڵك‌دا بسەپێنێ‌و رێکخراوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکان هەڵوەشێنێتەوەو کۆمەڵگایەکی مەڕ ئاسا بنیات بنێ. لەم شەوە ئەنگوستە چاوەدا، بزووتنەوەی خوێندکاری وەك چەخماخە سینگی تاریکی هەڵدەدڕێ‌و بونیادو ناوەندەکانی چاوەدێریی رێژیمی سەرەڕۆ دەخاتە ژێر گوێزانی رەخنەوە. هەروەك "یورگن هابرماس" دەڵێ: "بزووتنەوەی خوێندکاری گرنگی‌و بایەخێکی بنەڕەتی هەیە، چونکە بەیاڤی گشتیی داماڵراو لە سیاسەت سەرلەنوێ سیاسی دەکاتەوەو پەردە لەسەر سەفسەتە ئیدئۆلۆژیکەکان هەڵ دەماڵێ‌و مەسەلە گرنگەکانی ئابووری‌و سیاسەت دێنێتە بەرباس."

بزووتنەوەی خوێندکاری، دەتوانێ لەو گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتیانەدا کە "ئازادی"یان کردۆتە نیشانە، رۆڵی ئیدەی پێشڕەو بگێڕێ. چونکە بزووتنەوەی خوێندکاری بەدەنەی سەرەکیی بزووتنەوەی روناکبیری پێك دێنێ‌و لە هەلومەرجی سەرکوت‌و تاساندن‌دا دەتوانێ ویژدانی وشیار، گەرووی ئیعتیرازو نەبزی گۆڕانکاری‌یە سیاسی ـ کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگایەك بێ لە رەوتی هەنگاونان بەرەو رزگاری‌و ئازادی‌دا.



خاڵێك کە لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی پێکهاتەشکێنی خوێندکاری لە ئێران‌دا بایەخێکی جێگای سەرنجی هەیە ئەوەیە کە: **بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەیەکی دابڕاوو سەربەخۆ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکە نیەو بەتەنیایی‌و بەبێ پێوەندی‌یەکی دینامیکی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەرەوەی زانکۆدا، ناتوانێ بە مانای تەواوی وشە، رۆڵی خۆی بگێڕێ. چونکە خوێندکار وەك تاکە کەسێ کە لە پرۆسەی فێربوون‌دا بەشدارە، رۆڵێکی کۆمەڵایەتی کاتی‌و گوزەرای لە ئەستۆیە، بەڵام وەك کەسێك کە لە گۆڕانکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا بەشداری دەکا، لەگەڵ پرۆسەی هەمیشەیی خەبات‌و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌دا لێك گرێ دەدرێ‌و هاوهەنگاوو هاودەنگ لە تەك توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەدا چالاکانە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌دا بەشداری دەکا.**

**بزووتنەوەی نوێی خوێندکاریی ئێران بۆ شکاندنی رۆژ لە دوای رۆژی بونبەستی سیاسی، دەبێ پێوەندیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی روو لە گەشەی چین‌و توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەدا پەرە پێ‌بدا تا بتوانێ گۆڕانکاریی ریشەیی‌و پێکهاتەیی لە سیستمی رزیوی دەسەڵات‌دا بەدی بێنێ‌و لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ‌دا رۆڵی راستەقینەی خۆی وەئەستۆ بگرێ، کۆمەڵگایەك کە دەرەنجامی فشار، سەرکوت‌و تاساندن نیە، بەڵکوو هەڵقوڵاوی ویست‌و ماف‌و ئازادی‌یە رەواکانی گەلانی بندەستی ئێرانە.**

***

# نەخشی لیباس شەخسی‌یەکان لە سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا

ع. باڵەکی

لە چەند حەوتووی ڕابردوودا ئێران شاهیدی زنجیرەیەك خۆ پیشاندانی خوێندکاری بوو کە بۆ جارێکی دیکە ناوی ئێرانی خستە پێشەوەی هەموو هەواڵ‌و راپۆرتەکانی جیهان. خۆپیشاندانی ئەو جارەی خوێندکاران لە زانستگاکانی تاران بە دژی گەڵاڵەی سپاردنی زانستگاو خوێندنی باڵا بە بەشی خسووسی تەقیەوەو یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕینی خوێندکاری لێ‌دراو خۆپیشاندانەکان چەند زانستگەی دیکەی وڵاتی گرتەوەو ئێستاش هەر بەردەوامە.

خۆپیشاندانەکانی ئەو جارەی خوێندکاران زۆر بە خێرایی گەشەی کردو خەڵکی دەرەوەی زانستگاش تێکەڵی ئەم خۆپشاندانانە بوون‌و بە هەر شێوەیەك کە لە دەستیان هاتبێ دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی خوێندکاران کردوە. بەڵام ئەو جارە تاقمی دەسەڵاتدارو پاوانخواز لە دژایەتی لەگەڵ خۆپیشاندەران‌و بۆ سەرکووتی ئەو حەرەکەتە ئیعترازیانە وای نیشان دا کە هێزە ئینتزامی‌یەکان‌و پولیس رێگە لەبەر دەم خوێندکاران ناگرن، بەڵکوو تەنیا ئیزن نادەن گێرەشێوێن‌و هەلپەرست لە گەڵیان تێکەڵاو بن‌و داواکاری خوێندکاران بە هێنانەگۆڕی مەسایلی دیکە بە لاڕێ‌دا بەرن کە ئەوە وەك تاکتیکی نوێی هێزەکانی ئینتزامی دەبێ چاوی لێ بکرێ‌و جێگای لێ ورد بوونەوەیە. چۆنکە ئەوان لە ژێر ناوی پاراستنی خوێندکاران‌دا لە ڕاستی‌دا خوێندکارانیان ئابلۆقە دابووو بەو کارەیان پێشگیرییان دەکرد لە تێکەڵبوونی خەڵکی وەزاڵە هاتووو خوێندکارانی ناڕازی‌و بەو جۆرە لە گەورە بوونەوەو پێوەچوونی خۆپیشاندانەکان بەرگرییان کرد. ئەوە لە لایەك‌و لە لایەکی دیکەوە ڕێگایان بۆ چوونە ژوورەوەی لیباس شەخسی‌یەکان کە ئێستا گۆپاڵی دەستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین خۆش کردو ئەوانیش بە شێوەیەك کە هەر شیاوی ڕێژیمێکی وەك کۆماری ئیسلامی‌و ڕێبەرانی‌یەتی، کەوتنە گیانی خوێندکاران‌و جگە لە بریندارکردن‌و بێ حورمەتی پێکردن بە خوێندکاران تا ئێستا ژمارەیەکیش لەوان بە دەستی ئەو لیباس شەخسی‌یانە بێ سەرو شوێن کراون.

جێگای سەرنج‌و سەر سووڕمان ئەوەیە کە فەرماندەی هێزەکانی ئینتزامی تارانی گەورە رای‌گەیاند کە لە دەستی ئەو لیباس شەخسی‌یانە شکایەتی هەیەو ئەوە لە حاڵێك دایە کە بۆ خۆیان ئەوانیان هێناوەتە مەیدان‌و جلیقەی پولیسیان لە بەر کردوون کە پشتی جلیقەکە بە ئارمی پولیس نەخشێندراوە.

"آرش قویدل" ڕۆژنامەنووس کە بۆ خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکان‌دا بووە دەڵێ: "لە چەند کەس لەوانەم پرسی ئێوە سەر بە چ هێزێکن؟ لە وەڵام‌دا گوتیان سەر بە هێزی پولیسین، بەڵام شتێك کە روون‌و ئاشکرایەو ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ تەمەنی ئەوانەیە کە هی هێندێکیان ناگاتە ١٦ساڵ، ئەوانە ئیسپرەیان لە گیرفان‌دا بوو. لێم پرسی ئەوە چیە؟ گوتیان ئیسپرەی بێ هۆشی‌یە کە ئەوە شتێکی خەتەرناك‌و ترسێنەرە".

لە ڕەوتی ڕووداوەکان‌و ماوەی خۆپیشاندانەکان‌دا لیباس شەخسی‌یەکان هەر بە ئەوەندە ڕانەوەستان، بەڵکوو بە نێو شەقامەکان‌دا بڵاو بوونەوەو هەر کەس "بۆق" سیگناڵی ماشینەکەی لێ بدابا تەنانەت ئەگەر لە "ترافیك" ڕێبەندانیش‌دا گیری کردبێ ، تەڕ دەست دەگەنە سەری‌و ژمارەی ماشینەکەی لێ دەکەنەوەو بە شێوەیەکی زۆر دڕندانەو دوور لە



شارستانیەت بە دارو تەورو باتوم دەکەونە سەر ماشین‌و خاوەنەکەی‌و وا لە ماشینەکە دەکەن کە بە کەڵکی لێخوڕین نەیەت‌و ئەگەر شوفێر یا دانیشتوانی نێو ماشینەکە قسەیەك بکەن یا هەڵوێستێك بگرن دەکەونە بەر ڕەحمەتی لێدان‌و سووکایەتی پێ‌کردنی زیاتر.

خۆپیشاندانەکانی ئەو جارە، هەر دوو باڵی دەسەڵاتداری تووشی ترس‌و دڵە خورپەیەکی گەورە کردوەو درێژە کێشانی ئەو ڕەوتە بە مەترسی‌یەکی گەورە بۆ سەر خۆیان‌و بۆ سەر حاکمیەتەکەیان دەزانن. هەر دوو لا دەیانهەوێ ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت بکەن‌و هەر دەنگێکی ناڕەزایەتی لە گەرووداً بخنکێنن، بەڵام جیاوازی‌یەکیان هەیە. باڵی ئیسلاح تەڵەب دەیهەوێ لەو هەلە کەڵك وەربگرێ‌و لیباس شەخسی‌یەکان کە لە ڕاستی‌دا گۆپاڵ بەدەستی ڕێبەرین لەو سەرکوتەدا تاوانبار بکاو تەنانەت لە مەیدان بەدەر بکاو پاوانخوازانیش بە هیچ شێوەیەك نایهەوێ مەرگی لیباس شەخسی‌یەکان ببینن‌و لە دەستی خۆیانی بکەنەوە. هەر بۆیە هێزە ئینتزامی‌یەکان جلیقەی خۆیانیان لەبەر دەکەن‌و دەستیان لە سەرکوت‌و ئازاری خوێندکاران‌و ئازادیخوازان‌دا ئاواڵە دەکەن‌و لەبەرانبەریان‌و لە باشترین حاڵەت‌دا بێ دەنگی‌و بێ‌لایەنی دەگرنە بەر.

***

# هاوپێوەندیی هاونیشتمانانی نیشتەجێی نۆروێژ لەگەڵ ڕاپەڕینی ئەم دواییانەی خوێندکاران‌دا

لە درێژایی خۆپیشاندان، ئاکسیۆن‌و هاوپێوەندیی نیشاندانی هاووڵاتیانی ئێرانی نیشتەجێ لە نۆروێژ لە خۆپشاندانی هاووڵاتیانی زانستگاکانی وڵات‌دا لەم هەفتەیەش‌دا، هەموو ڕۆژێ لە سەعاتی ١١ی نیوەڕۆ تا ٥ی پاش نیوەڕۆ، کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە بەر دەم پارلەمانی نۆروێژ ئاکسۆنی هاوپێوەندیی‌و پشتیوانیی بەڕێوە برد.

هەموو ڕۆژێ لە سەر بانگەوازی کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە ئێران‌دا، سەدان کەس لە هاولاتیانی ئێرانی‌و نۆروێژی لە شوێنی دیاریکراو کۆ دەبنەوەو ناڕەزایەتیی خۆیان لە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران دەردەبڕن. مانگرتن‌و ئاکسۆنەکان‌و تۆمار ئیمزاکردن هەموو ڕۆژێ لە سەعاتی ٣ی دوانیوەڕۆ تا ١١ی شەو درێژەی دەبێ. تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی نۆروێژی ئەو تۆمارانەیان ئیمزا کردوون. ئەو مانگرتنانە لە بەر دەم پارلەمان‌دا بەڕێوە دەچن. شایانی باسە پۆل پۆل خەڵك، سەردانی شوێنی ستاندەکە دەکەن کە بە وێنەی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران‌و شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران ڕازاوەتەوە.

هەروەك لە راپۆرتەکانی پێشوودا ڕامان گەیاند بوو، ئەم ئاکسیۆنانە هەروا درێژەیان دەبێ‌و بڕیار وایە ڕۆژی شەممەی داهاتوو سەرلەنوێ هاووڵاتیان لەبەر دەرگای سەفارەت کۆ بنەوەو خۆپیشاندان وەرێ خەن.

ئەو ئاکسۆنانە لە ڕاگەیەنە گشتیی‌یەکانی نۆروێژدا دەنگیان داوەتەوەو بە شێوەیەکی بەربڵاو باسیان لێ‌کراوە. Aflen Posten، ڕۆژنامەی سەرتاسەری‌و پڕ تیراژی نۆروێژ، وتووێژێکی لەو پێوەندی‌یەدا لەگەڵ نوێنەری حیزب لە نۆروێژ، کاك ئەحمەد جەهانگیری پێك هێناوەو بڵاوی کردۆتەوە. نوێنەری حیزب لەو وتووێژەدا، سیاسەت‌و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی سەبارەت بە مەسەلەکانی نێوخۆی وڵات، خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران، وەزعی سیاسیی وڵات‌و مەسەلەکانی دیکەی پێوەندیدار بە وەزعی ئێران، شی کردۆتەوە.

شایانی باسە کە کومیتەی حیزب لە وەرێخستن‌و بەڕێوەبردنی ئەو خۆپیشاندان‌و ئاکسیۆنانەدا، ڕۆڵی هەرە بنەڕەتیی گێڕاوە. لەو بارەوە سپاسی هەموو ئەو هاولاتیانە دەکەین کە لەو چەند ڕۆژەدا بە پیر بانگەوازی کومیتەی حیزبەوە هاتوون‌و بۆ بەشداری لەو خۆپیشاندانانەدا زەحمەتیان کێشاوە.

***

# وتووێژی گارت سمیت، هەواڵنووسی "فاینانشڵ تایمز" لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبدا

**پ: جارەکەی پێشوو کە هاتمە ئێرە باسی ئیمکانی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتتان کرد. وابزانم حەوتووی رابردوو دەفتەری سیاسیی حیزب بەیانیەیەکی دەرکردوە، نیشان دەدا کە دەتانەوێ کۆتایی بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بێنن، واتە "موضع"ی خۆتان گۆڕیوە؟**

و: جارەکەی دیکەش کە ئێمە قسەمان کرد نەمان گوت کە موزاکەرەیەکمان لە نێوان دا هەیە، بەڵکە گوتمان ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادە بێ موزاکەرەیەکی جیددیو ئاشکرا لەسەر داخوازەکانی میللەتی کورد بکا، ئێمە رەدی ناکەینەوە. بەڵام ئەوە کە پێت وایە ناتەبایی‌یەك لە نێوان ئەو دوو شتانە واتە شوعاری رووخانی رێژیمو موزاکەرەدا هەیە، ئێمە هیچ ناتەبایی‌یەك لە نێوان ئەو دووانەدا نابینین. چونکە نموونەی دیکەشمان لە دونیادا هەن. چەند ساڵ بوو لە مادریدو لە ئۆسلۆیە موزاکەرە لە نێوان ئیسرائیلو فەلەستینی‌یەکاندا هەبوو. رێککەوتننامەی ئۆسلۆش ئیمزا کرابوو، هێشتا فەلەستینی‌یەکان شوعاری لەنێوبردنی ئیسرائیلیان هەڵ نەگرتبوو. ئەوەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، پێمان وایە کە لە چوارچێوەی ئەو رێژیمەدا حەللی مەسەلەی کورد مومکین نیە. ئەو رێژیمە باوەڕی بە حەللی مەسەلەی کورد نیە. مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین ئەسڵی چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد رەدکەینەوە.

**پ: ئەمریکایی لێتان نزیك بوونەوە، هاتوون قسەتان لەگەڵ بکەن؟**

و: لێرە بە هیچ جۆر ئێمە نەمان دیتوون، لە ئەمریکا پێوەندیمان لەگەڵیان هەیە، بەڵام لێرە نەمان دیون.

**پ: ئەمریکایی‌یەکان دەڵێن چی؟**

و: لەو دیدارانەدا کە لەگەڵ وان هەمانە، ئێمە هەوڵ دەدەین وەزعی سیاسیی ئێرانیان بۆ باس بکەین، یا داخوازەکانی میللەتی کوردو مەزلوومییەتی میللەتی کوردیان بۆ شەرح بدەین.

**پ: ئێوە پێتان وایە ئەوان هیچ تەشویقتان دەکەن، هەوڵ دەدەن بۆ ئەو کارانە؟**

و: تا ئێستا ئێمە ئیحساسێکی وامان نەکردوە، بەڵام ئێمە خەباتی خۆمان بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێرانداو بۆ وەدەستهێنانی ئازادی ئیدامە دەدەین چ ئەمریکایی‌یەکان پێیان خۆش بێو چ پێیان ناخۆش بێ. حیزبی ئێمە بە تەوسیەی ئەمریکایی‌یەکان دروست نەبووەو بە تەوسیەی وانیش خەبات ناکا.

**پ: ئێمە لە دەزگای دەوڵەتی ئەمریکادا کەسایەتیی گرینگ دەبینین بۆ وێنە "رامسفیلد" کە دەیانەوێ ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەتی ئێراندا پێك بێ، سیاسەتی ئێوەش گۆڕینی رێژیمی ئێرانە. لانی کەم سیاسەتێکی هاوسوو لە نێوانتاندا هەیە.**

و: پتر لە بیستو چوار ساڵە کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، ٢٤ساڵ زیاترە ئێمە داوای گۆڕینی ئەو رێژیمە دەکەین. هەوڵێکی زۆریشمان داوە هەم ئورووپایی‌یەکان، هەم ئەمریکایی‌یەکانو هەم دنیای دەرەوە بەگشتی قبووڵ بکەن کە ئەو رێژیمە قابیلی ئیسلاح نیە، رێژیمێك نیە نە لە ئێراندا ئازادی بدا، نە لە چوارچێوەی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌دا بتوانێ خۆی بگونجێنێ، ئێستا خۆشحاڵین کە ئەمریکایی‌یەکانیش بەرە بەرە گەیشتوونەتە ئەو نەزەرە. ئەوەی بە ئاڵوگۆڕێکی "مثبت" دەزانین. چونکە ئەو رێژیمە زۆری پشتیوانی خارجی لە پشت بووە کە توانیویەتی لەسەر پێی خۆی راوەستێ.

**پ: ئەوانەی پشتیوانی‌یان لە رێژیم کردوە کێن؟**

و: "تقریباً" هەموو دەوڵەتانی دەرەوە بە تایبەتی رووسیە، ئەڵمان، فەرانسە، ئیتالیا. فەرانسە هەر ئەو رۆژانە پشتیوانی‌یەکی زۆری لێ کرد، بەوەی کە هجوومی کردە سەر یەکێك لە موخالیفانی کۆماری ئیسلامی، لە وەختێکدا کۆماری ئیسلامی لەژێر فشاری حەرەکەتی خەڵك دایە، فەرانسە بەوکارە ویستی ئەنزاری خەڵکی لەوەی لە ئێراندا دەگوزەرێ، "منحرف" بکا.

**پ: ئێوە پێتان وانیە موجاهیدەکان دەیانەویست حەمەلاتێك بکەن؟**

و: ئێمە لەوبارەیەوە نەك هەر ئیتلاعاتێکی دروستمان نیە، ئیتلاعاتێکی باوەڕپێکراومان لە فەرانسەیی‌یەکانیش نەبیست. بەڵام ئەگەر ئەوەش بێ، ئایا ئەرکی فەرانسە یا دەوڵەتێکی دیکە دیفاع لە کۆماری

بەبێ شك تەنیا ئەو خۆپیشاندانە ناتوانێ حکوومەت بگۆڕێ، بەڵام ئەو خۆپیشاندانە موقەدەمەیە بۆ حەرەکەتێکی بەرینتر هەم لە زانستگای تارانەوە ئێستا گوازتوویەتەوە بۆ زانستگاکانی دیکە هەم لە خوێندکارانەوە گوازتوویەتەوە بۆ خەڵکی دیکە. بە باوەڕی ئێمە ئەو حەرەکەتە دەڕوا تا ئاخر

ئیسلامی‌یە یان دیفاع لە ئازادیو دێمۆکراسی لە ئێراندا؟

**پ: پێوەندیتان لەگەڵ موجاهیدین چۆنە؟**

و: ئێمە هیچ جۆرە پێوەندی‌یەکمان لەگەڵ موجاهیدین نیە. لە موقابیل دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دایە کە دیفاع لە موجاهیدین دەکەین، دەنا موجاهیدین لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا لەگەڵ هیچ کەس خاوەنی پێوەندی‌یەکی دۆستانەو سەلیم نین.



**پ: ئەو گرووپانەی لە جەریانی ئەسڵیی خەباتی سیاسی لە ئێراندان کێن کە بتوانن بەشێك لە ئەلتەرناتیڤ بن بۆ ئایەندەی ئێران؟**

و: جوابی ئەو پرسیارە زۆر ئاسان نیە. خەڵکی ئێران زیاتر لە ٩٠ لە ١٠٠ی لە کۆماری ئیسلامی نارازی‌یە. بەڵام دیکتاتۆری ئیجازەی نەداوە لە داخلی ئێراندا ئۆپۆزیسیۆنێکی رێکخراو دروست ببێ. سازمانێکی زۆری سیاسیی دژی رێژیم هەن کە لە دەرەوە زیاتر خۆیان دەنوێنن بەڵام لە داخلی ولاتیش‌دا نفووزیان هەیە. ئەگەر بمانەوێ قسە لە ئالتەرناتیڤ بکەین ناتوانم بڵێم کام هێزە دەتوانێ ئەلتەناتیڤ بێ. ئەلتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەوەسەریەك کەوتنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دروست بێ، دیارە ئەوانە زۆرن، شاپەرەستەکانن، ئیسلامی‌یەکانن، کومونیستەکانن، کۆماریخوازەکانن، ئەو سازمانانەش کە نوێنەری یەکێك لە میللەتە زۆرلێکراوەکانی ئێرانن، ئێمە بۆخۆمان تەرەفداری هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی کۆماریخوازو ئەو هێزانەین کە نوێنەرایەتیی بەشێك لە میللەتانی زۆرلێکراوی ئێران دەکەن.

**پ: ئەوە مەسەلەیەکی ئۆرژانسە بۆ بە ئیستلاح باشتر کردنی پێوەندیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن؟**

و: بەباوەڕی من لەمێژە زەروورەتی پەیدا کردوە، بەڵام ئێستا گەیوەتە حاڵەتێك کە دەتوانین پێی بڵێین ئۆرژانس.

**پ: "مشخصاً" دەبێ چ بکرێ؟**

و: ئێستا خەڵك لە ئێراندا رێگەی خۆیان گرتۆتەبەر ئەوەندەی وەزیفەی خەڵکی نامونەززەمە رێگای خۆیان گرتۆتەبەرو بە راشکاوی هاتوونەتە مەیدانی خەبات دژی رێژیم. ئێستا وەزیفەی رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنە کە لە سەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێك کەون بۆ ئەوەی هەم خەت بدەن بەو موبارەزە دەروونی‌یەو هەم کارێك بکەن کە لە ئایەندەدا ئێران دوچاری "خلا"ی قودرەت یان ئالتەرناتیڤێکی خراپتر لەوەی کە ئێستا هەیە نەبێ.

**پ: خۆپیشاندانی خوێندکاران خۆ حکوومەتەکە ناگۆڕێ؟**

و: بەبێ شك تەنیا ئەو خۆپیشاندانە ناتوانێ حکوومەت بگۆڕێ، بەڵام ئەو خۆپیشاندانە موقەدەمەیە بۆ حەرەکەتێکی بەرینتر هەم لە زانستگای تارانەوە ئێستا گوازتوویەتەوە بۆ زانستگاکانی دیکە هەم لە خوێندکارانەوە گوازتوویەتەوە بۆ خەڵکی دیکە. بە باوەڕی ئێمە ئەو حەرەکەتە دەڕوا تا ئاخر.

**پ: ئەو پرۆسەیە توندوتیژیی تێدا بووە؟**

و: توندوتیژی زۆر بەکەمی بووە، ئەوەش کە بووە بەشێکی زیاتری کاری ئەو کەسانە بووە کە سەریان بە رێژیمەوە بەندە. چونکە پێیان خۆشە بیخەنە مەیدانی توندوتیژی‌یەوە، ئەگەر بەتوندوتیژی بێ دەوڵەت دەتوانێ دەرەقەتی بێ، بەڵام ئەگەر ئاشتیخوازانە بێ دەوڵەت ناتوانێ بەرەنگاریی بکا، زۆرجار ئەفرادی سەر بە رێژیم دەچن بەرد بە پەنجەرەیەك دا دەدەن یان کارێك دەکەن بۆ ئەوەی بەسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی‌دا بێنن.

**پ: ئەو بزوتنەوەیە کە ئێستا هەیە چۆن بەرەو ئەوە دەچێ کە رێژیمەکە بگۆڕێ؟**

و: بۆیە پێم وایە بەرەو ئەوە دەچێ کە رێژیمەکە بگۆڕێ چونکە شوعارەکانی، شوعارێك نین کە تەنیا تایبەت بە خوێندکاران بن، ئەو داخوازانە کە ئەوان تەرحیان دەکەن، داخوازێکن کە هی هەموو خەڵکی ئێرانن، نەك هەر خوێندکاران، لە پاشانیش تەنیا خوێندکاران تێی‌دا بەشدار نین. وەختێکی حەرەکەتەکە دەست پێدەکا، بۆ وێنە لە شارێکی وەك تاران جاری وا هەیە کە دوو بەشی تارانێ لە هەموو شەقامەکانی کۆبوونەوەی خەڵكو شوعاردان بۆ داخوازی‌یەکانیان هەیە.

**پ: پێت وایە تەنیا خۆپیشاندان رێژیم بگۆڕێ؟**

و: خۆپیشاندان بە تەنیا ناتوانێ رێژیم بگۆڕێ، بەڵام ئەگەر نارەزایەتیی گشتی پەرەی گرت قۆناغی دیکە دەست پێدەکا، بۆ وێنە بە ئیحتمالێکی زۆر لە ئایەندەیەکی نە زۆر دووردا دەبێتە مانگرتنێکی گشتیو نارەزایەتی بە شێوەیەکی دیکە. دیکتاتۆری وا بە ئاسانی تەسلیم نابێ، بەڵام دیکتاتۆری‌یەکانیش ئەگەر نارەزایەتی‌یەکە بوو بە گشتی مەجبوورن پاشەکشە بکەن، هەر وەك زەمانی "شا"ی‌دا دیتمان. خۆ زەمانی "شا"ش تۆپو تانكو حەملەی نیزامی نەبوو، بەڵام وەختێکی نارەزایەتی‌یەکە بوو بە خەڵکی، دەوڵەتی پادشایەتی مەجبوور بوو پاشەکشە بکاو مەیدان بەجێ بێڵێ.

**پ: ئەو رێژیم گۆڕینە بەبێ بەکار هێنانی چەك لە شوێنێکی دیکەوە رووی نەداوە، وانیە؟**

و: هیچ نەبێ لە ئێراندا رووی داوەو دەتوانێ لە ئێراندا روو بداتەوە. پاشان ئەو ئیحتمالەش دوور نیە کە ئەو نارەزایەتی‌یە گشتی‌یە بکێشرێتە نێو هێزە چەکدارەکانیش. ئێمە ئارەزوو ناکەین کار بکێشرێتە کوودەتا، بەڵام ئەوەش هەر دوور نیە.

**پ: پێشبینیی ئەوە دەکەی کە حیزبی دێموکرات بزووتنەوەی شەڕ بەرێتەوە نێ ئێرانو لەوێ شەڕ بکا.**

و: حیزبی دێموکرات وەك بەشێك لە بزووتنەوەی سەراسەری دەجووڵێتەوەو بە تەنیا خۆی کار ناکا. ئێمە سەعی دەکەین بەو جۆرە کە خەڵك دەیانەوێ تێی‌دا بەشدار بینو تێشی‌دا بەشدار دەبین. چونکە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکرات هەر لە کوردستان نین، لە تارانیش هەنو لە هەموو شارەکان بەتایبەتی وەك خوێندکار لە هەموو جێیەك هەمانەو تێی‌دا بەشدارین. ئەگەر رۆژێکیش کەوتە توندو تیژی، کە دووبارە دەڵێم ئارەزوومانە نەگاتە توندو تیژی،

حیزبی دێموکرات وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سەراسەری دەجووڵێتەوەو بە تەنیا خۆی کار ناکا. ئێمە سەعی دەکەین بەو جۆرە کە خەڵک دەیانەوێ تێیدا بەشدار بینو تێشیدا بەشدار دەبین. چونکە ئەندامانو دۆستانی حیزبی دێموکرات هەر لە کوردستان نین، لە تارانیش هەنو لە هەموو شارەکان بەتایبەتی وەک خوێندکار لە هەموو جێیەک هەمانەو تێیدا بەشدارین.

ئەودەم میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیی‌یان لە شوێنەکانی دیکە پتر هەیە.

**پ: چەند کورد لە تاران دەژین؟**

و: نزیك بە یەك میلیۆنو نیو کورد لە تاران دەژین. (کەوابوو گەورەترین شاری کوردنشین لە ئێراندا تارانە)

**پ: دانیشتوانی تاران چەندن ئێستا؟**

و: لە ١٠ میلیۆن زیاترن، تا ١٤ میلیۆنیش قسەی لێ دەکرێ.

**پ: لەو جۆرە خۆپیشاندانە کە ئێستا لە ئێران روو دەدا، تا ئێستا لە نێو شارەکانی کوردستان سەری هەڵداوە؟**

و: بەڵێ دەستی پێ کردوە، لە کرماشان هەبووە، لە سنە هەبووە، لە ورمێ هەبووە، لەو شارە گەورانە دەستی پێ کردوە. خۆپیشاندانی گەورە بەو شێوەیە کە لە تارانێ هەبووە نا، بەڵام لە کرماشانو ورمێ گەورە بووە. لە ورمێ بەتایبەتی تەقەشیان لە خەڵکی کردوەو برینداریشی تێدا بووە.

**پ: چ شوعارێکیان بەرز کردۆتەوە؟**

و: شوعارەکە زیاتر "ئازادی ئازادی، بمرێ دیکتاتۆری"، شوعار بۆ ئازادیی زیندانیی سیاسی، یا دەڵێن "بمرێ تالیبان"، یانی ئەوانەی کە ئێستا حکوومەت دەکەن وەك تالیبانی ئەفغانستان وان. لە هێندێ حاڵەتیش‌دا شوعاری مەربووت بە مافەکانی میللەتی کوردیش هەر هەیە.

**پ: گوتوویانە مردن بۆ خامنەیی، شەرم بکە خاتەمی. . .**

و: موهیم ئەوەیە کە شوعارەکان تەنیا بە دژی خامنەیی نین بە دژی خاتەمییش هەن، هەموویان دەڵێن دەبێ خاتەمی "استعفا" بدا. دیارە بە خاتەمی دەڵێن "استعفا" بدەو بە خامنەیی دەڵێن حەیا بکە، حکوومەت بەجێ بێڵەو دەست لە دەسەلات هەڵگرە.

**پ: فەرقو جیاوازی دەکەن لە بەینی خامنەییو خاتەمی‌دا؟**

و: تا ئێرە وابووە، چونکە خاتەمی توانی بۆ ماوەی ٥ تا ٦ ساڵ حەرەکەتی خەڵك بە لای خۆی‌دا راکێشێو لە واقیعدا فریوی بدا کە گۆیا ئەو ئیسلاحات دەکا. لە خۆپێشاندانەکانی پێشوودا دەیانگوت: "خاتەمی، خاتەمی دەسەلات بەکار بێنە"، بەڵام ئێستێ دەڵێن وەکشێ، وەکشێ یانی هیچت پێ نەکرا، بکشێیەوە باشترە.

**پ: پێت وایە چەند کەمتر بووە دەنگەکانی جاری دووهەم؟**

و: لە کوردستان دەنگەکانی یەکجار زۆر کەمتر بوون. دەتوانین بڵێین ئەگەر جاری ئەوەڵ لە هەموو کوردستاندا لە ١٠٠دا ٧٠ی دەنگەکانی پێ درابوو، ئەو جارە کەمتر لە سەدی بیستی دەنگەکانی وەرگرتوە. لەجێدا بەشداربوونی خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا کەم بوو، بۆ خۆیان گوتیان نزیك بە ٥٠ لە ١٠٠ی ئەوانە بوون کە هەقی دەنگیان هەبووە، بەڵام لەواقیعدا کەمتر لە ١٠٠ی ٣٠ بەشداری هەڵبژاردن بوون لە جاری دووهەم‌دا.

**پ: ئەو ئاڵوگۆڕەی لە عێراقدا هاتۆتە پێشێ چ شوێنێکی لەسەر ئێرانو بیروڕای خەڵکی داناوە؟**

و: بە باوەڕی من لەسەر هێندێ ئێحساسی خەڵکی عاددی رەنگە شوێنی دانابێ، چونکە هێندێ کەس پێی وایە ئێستا کە حەملە بۆ عێراق کراوە لە لایەن ئەمریکاوە، سبەینێ رەنگە حەملە بۆ ئێرانیش بکری، ئێرانیش بەو شێوەیە بڕووخێ. بەڵام لەلای ئینسانە سیاسی‌یەکان "تأثیر"ێکی وای دانەناوە. لەبەر ئەوەی وەزعی عێراقێ جارێ لە

ئیمتحان دایە، وەزعی عێراقیێ جاریێ روون نیە.

دەوڵەتێك لە دوورەوەڕا هاتووەو حکوومەتی رووخاندوە، بەڵام جاریێ وەزعی تازەی پێك نەهێناوە. رووخانی حکوومەتەکە بۆ خەڵکی عێراقیێ بۆ خۆی دەسکەوتە، بەڵام گرینگتر لەوە ئەوەیە داخوا دوایی چ دەبیێ؟ رەنگە ئەو میللەتەش پێی خۆش نەبیێ تا قیامەتیێ ئەمریکا حکوومەتیێ بکا. مەسەلە ئەوەیە داخوا خەڵکەکە حکوومەت دەکەوێتەوە دەستی خۆی؟ ئازادی، دێموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە دەبینیێ یان نا، ئەگەر ئەوانە بوون بەبیێ شك ئەوە زیاتر دەبێتە تەجروبەیەك کە خەڵکی ئێرانیشو دەوروبەریش ئارەزوو بکەن کە وەزعێکی وەکوو وەزعی عێراقیان بۆ پێش بیێ، بەڵام جاریێ وا نیە.

**پ: کەواتە ئەگەر ئەو پرۆسەیە لە عێراقدا بە سەرکەوتوویی بڕواتە پێشەوە، بۆ ڕێژیمەکە خراپەو بۆ ئۆپوزیسیۆن باشە؟**

و: بێشك ئەگەر ئەوە بیێ، گوڕو تینێکی تازە لە خەڵکدا پەیدا دەبیێ لە خەبات دژی ڕێژیمدا. بە پێچەوانەش، ئەگەر وەزعی عێراقیێ ئیستقرارێکی باش پەیدا نەکا، ئەو وەختی کۆماری ئیسلامیو ڕێژیمەکانی دەوروبەر زۆر ئیستفادەی لیێ دەکەن کە دەڵێن داگیرکەریی بێگانە ئەوە نەتیجەیەتی، خەڵك برسین، جاران ئەمنیەت هەبوو ئێستا نیە، دەسەڵات بەدەست خۆیان نیە، هیچیان بەدەست نیە، یانی تەئسیرێکی عەکسی دەبیێ.

**پ: ڕۆڵی ئەمریکا چۆن دەبینی؟ ئەگەر ئەمریکا یارمەتیی ئۆپوزیسیۆن بدا دەبیێ چۆن یارمەتییان بدا؟ ئایا بە بڕوای تۆ پێویستە لەسەر ئەمریکا یارمەتیی ئۆپوزیسیۆن بدا؟**

و: ئەگەر ئەمریکا ئەو پرسیارە بکا، رەنگە ئاسانتر پیاو بتوانیێ جوابی بداتەوە. ئەو پرسیارە تا ئێستا لە تەرەف ئەمریکاییەکانەوە رەنگە نەك هەر لە ئێمە، لەکەسی دیکەش نەکرابیێ. بەڵام لەسەر یەك ئەگەر دەوڵەتان لە دەرەوە ـ تەنیا مەبەستم لە ئەمریکا نیە ـ پشت لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بکەنو پشتیوانیی مەعنەوی لە حەرەکەتی ئازادیخوازانەی خەڵکی بکەن، دەتوانیێ "تأثیر"ێکی زۆری بۆ ئۆپوزیسیۆنی ئێرانو بەگشتی بۆ خەڵکی ئێران هەبیێ. بە ئینسافەوە دەڵێم هەر ئەوە کە ئێستا ئەمریکا باس لە حکوومەتی ئێران دەکاو رەخنە لە دەوڵەت دەگریێ کە خوێندکاران سەرکوت دەکا، "تأثیر"ێکی مەعنەویی لە سەر ورەی خەڵکی ئێرانو بەتایبەتی ئەوانەی کە ئێستا لە مەیداندا هەن، داناوە.

**پ: ئەتۆ پێت باشترە ئەمریکاییەکان گرینگی زیاتر بدەن بە مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێراندا وەك ئەوەی کە باسی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەکەن؟**

و: ئەمن پێم وایە بەرنامەی مافی مرۆڤ یانی قسە لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا شاملی هەموو ئازادییە سیاسییەکان دەبیێ، چونکە هەموویان بەشێکن لە مافی مرۆڤ. کەوابوو ئەگەر بەو مەعنایە بوو، باشە. بەڵام ئەمن پێم وایە ئەمریکا بەلایەوە گرینگترە کە خەتەر لەسەر خۆیو لەسەر قازانجەکانی خۆی رەد بکا. کەوابوو حەقی ئەمریکایە کە حەساس بیێ بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران. پێم وایە ئەوە دەتوانیێ وەسیلەیەکی فشار بیێ، ئێمە موخالیفەتێکمان لەگەڵ ئەوە نیە. بەتایبەتی پێمان خۆش نیە ئێران ببێتە وڵاتێکی ئەتۆمی. ئاخر ئێران دەبێتە وڵاتێکی ئەتۆمی چ دەکا؟ مەعلوومە ئەگەر ببێتە وڵاتێکی ئەتۆمی، رەنگە بەدژی خەڵکی خۆیو بەدژی دەرو دراوسیێیەکانی بەکاری بێنیێ. تۆ بڵێی ئەمریکای پیێ لە بن بێنیێ یا ئوورووپای پیێ لە بن بێنیێ؟ لە جیێدا ئێران ئیحتیاجی بە بەرنامەی ئەتۆمی هەر نیە.

**پ: ئەگەر ئێران چەکی ئەتۆمیی هەبیێو نەگاتە ئوورووپاو ئەمریکا، کەواتە ئەمریکا حەقی ئەوەی نیە بترسیێ؟**

و: راستە هیچکام لە چەکەکانی ئێران ناگەنە ئوورووپا، بەڵام مەنافیعی ئەمریکا لە خەلیجی فارس پترە لە خودی ئەمریکایە، مەنافیعی ئەمریکا خۆ مەحدوود نیە بە ئەمریکا، ئەگەر ئەو بتوانیێ دۆستەکانی ئەمریکا، قازانجەکانی ئەمریکا لە ناوچەدا تەهدید بکا، هەر تەهدیدە بۆ ئەمریکا.

**پ: بەڵام ئەگەر فشارە کە لەسەر مافی مرۆڤو لەسەر ئازادییە سیاسییەکان یا مافە سیاسییەکان بیێ؟ باشتر نیە لەبەر ئەوەی کە لە عێراقدا بۆ وێنە ئەمریکا زیاتر لەسەر چەکی بەکۆمەڵکوژ پڕو پاگەندەی بۆ ئەو شەڕە کرد، بەڵام ئەگەر بەناوی مافی مرۆڤو مافی سیاسیو ئەو گرفتانەی لە عێراقدا هەبوو، کەوتبایە شەڕەوە، زیاتر دەیتوانی پڕو پاگەندە بکا.**

و: رەنگە وا نەبیێ، بۆ ئەوەی فشاری زۆر بێتە سەر دەوڵەتێکی لە تەرەف دەوڵەتێکی خارجییەوە زیاتر ئەو بابەتانەی مەربووت بە تیرۆریزمو بەچەکی کوشتاری بەکۆمەڵو ئەوانەوە دەتوانن بەکار ببرێن. چونکە هێندیێ قانوونی نێونەتەوەیی هەن بەداخەوە تا ئێستاش ئیزن بە دەوڵەتان نادەن دەخالەت لە وڵاتێکی دیکەدا بکەن بە بیانووی ئەوە کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکا، چونکە لەو حاڵەتەدا دەوڵەتەکە دەڵیێ ئەوە مەسەلەی نێوخۆییە، ئەتۆ بۆ دێی لەوێڕا دەست تیێوەردەدەی! بەڵام مەسەلەی ئاشتی مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە، مەسەلەی تیرۆریزمو خەبات دژی تیرۆریزم مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە، کوشتاری بەکۆمەڵ مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە. پاشان واقیعبینانەتریش بڵێین، ئەمریکا یا هیچ وڵاتێکی دیکە ئەو فشارە بۆ عێراق یا بۆ وڵاتێکی دیکە ناهێنیێ تەنیا لەسەر ئەوەی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا رەعایەت نەکراوە، دەبیێ قازانجی خۆی لە خەتەر بکەویێ تا بیێ بۆ دیفاع لە قازانجەکانی خۆی ئەو فشارە بەکار بێنیێ. تۆ بڵێی ئەمریکا لەبەر خاتری چاوی کاڵی عێراقییەکان هاتبێتە عێراق؟!

❊❊❊

# هەواڵەکانی کوردستان

## زانکۆکانی سنەو حەرەکەتە ئیعترازییەکانیان

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٢/٣/٢٩ی هەتاوی خوێندکارانی زانکۆی "تربیت معلم"ی شاری سنە لە پێوەندی لەگەڵ کەموکوڕی لە سیستمی فێنککەرەوەی خابگاکانداو هەروەها ڕۆژی شەممە ١٣٨٢/٣/٣١ی هەتاوی خوێندکارانی ئازادیخوازی زانکۆی کوردستانی ئەو شارە بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خوێندکاری لە سەراسەری ئێراندا، چەند حەرەکەتێکی ئیعترازییان وەڕێخست، بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لە زانکۆکان لە ترسی ئەوە کە نەکا ئەو حەرەکەتانە بەربڵاوتر بنو ئاستی شارەکە داگرن، هێزی ئینتزامیو هێزی تایبەتی دژی شۆڕشیان ئاگادار کردەوەو ئەوانیش بە زوویی ڕژانە ناو زانکۆکانو بە تەقەی هەواییو باتۆم کەوتنە گیانی خوێندکارانی وەزاڵە هاتووو دەوروبەری زانکۆکانیان خستە ژێر چاوەدێریو ڕێگاکانی هاتووچوویان بە تەواوی بەست. وەزعییەتی سیاسی ناوچەو شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی بە گشتیو خوێندکاران بە تایبەتی لە هەموو بوارێکەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تووشی نیگەرانی کردوە. ڕێژیم لە سەراسەری کوردستان بە کردەوە جۆرێك ئامادەباش بەڕێوە دەبا تا بتوانیێ هەرچەشنە حەرەکەتێکی ناڕەزایەتیی دەربڕینی خەڵکی سەرکوت بکا.

لە بلواری "شبلی" و شەقامی "ئاویەر"ی شاری سنەدا، دووربینی مەداربەستەی دانراوەو ڕادەی نیگابانەکانی بردۆتە سەرو هاتووچۆی خەڵكو ماشینەکانیش لە هێندیێ لە کۆڵانەکاندا قەدەغە کردوە. هەروەها لە سەر سنوورەکانی نێوان شارەکانی مەریوانو سەقز، ڕێژیم خەریکی بیتانانی مۆڵگەگەلێکی نوێیەو هێزێکی زۆری سپای پاسدارانی هێناوەتە سەر سنووری شارەکانی سەقز ومەریوانو لە "شلێر"ەوە تا دەگاتە شاری پێنجوێن لە کوردستانی عێراق، ڕێگاکانی هاتووچۆی بە تەواوی بەستوە.

❊❊❊

## شەڕ لە نێوان ڕێژیم و کاروانچییەکان

شەوی هەینی ١٣٨٢/٣/٣٠ی هەتاوی دەستەیەك کاروانچی کە خەڵکی ئاوایی "چریەوا"ی سەر بە ناوچەی مەرگەوەر بوون، کەوتنە کەمینی چەکدارەکانی ڕێژیمو تەقەیان لیێکرا. کاروانچییەکان چەکیان پیێدەبیێو وەڵامی تەقەی هێزەکانی ڕێژیم بە تەقەکردن دەدەنەوەو شەڕ لە نێوان هەردوولادا ساز دەبیێ. لە ئاکامی ئەو شەڕەدا، ٥کەس لە چەکدارەکانی ڕێژیم دەکوژرێنو کاروانچییەکیش دەگیریێ کە تا ئێستا هەواڵێك لە چارەنووسی نیە.

❊❊❊

# هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات

## سوئێد

### بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی حیزب

سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠٠٣/٦/٢٨ کۆنفرانسی کومیتەی حیزب لە شاری یوتۆبۆری دەستی پیێکرد. بەڕێزان ڕەحیمی محەممەدزادە، بەرپرسی کومیتەی سوئێدو قاسمی قازی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کومیتەو مەولوود عەبدیلزادە ئەندامی کومیتە، ئامادەی ئەو کۆنفرانسە بوون.

دوای ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، ڕاپۆرتی تێکۆشانی کومیتەو هەروەها ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان پێشکەش کران.

پاشان لە لایەن بەڕێز ڕەحیمی محەممەزادە، بەرپرسی کومیتەی سوئێد لە سەر وەزعی ئێستای جیهانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کوردستانو بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسە کرا. بەشی دووهەمی کۆنفرانسەکە بۆ پرسیار و وەڵام تەرخان کرابوو کە لە لایەن بەرپرسانی بەشەکانەوە وەڵام درانەوە. شایانی باسە دوایین بەشی ئەو کۆنفرانسە بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی ناوەندی یەکیەتیی کوردان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی پیێهات.

### کۆبوونەوەی سیاسی ـ تەشکیلاتی کومیتەی حیزب

ڕۆژی یەکشەممۆ ٨٢/٤/١ی هەتاوی بەڕێز قاسمی قازی، بەرپرسی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد لە شاری "کارلستاد" لە کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی ـ سیاسیی ئەندامانی حیزبدا بەشداری کرد. کۆبوونەوەکە کە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پیێکرد. پاشان لە لایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو شارەدا بەخێرهاتنی بەشداران کراو ئینجا کاك قاسمی قازی لە سەر باروودۆخی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کوردستان وتاری پێشکەش کرد. دوا بەشی ئەو کۆبوونەوەکە بۆ پرسیارو وەڵام و پێشنیار لە لایەن بەشدارانو بەرپرسانەوە تەرخان کرابوو.

## ئوتریش

### چاوپێکەوتنی میرۆ عەلیار بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ "ئۆسکار وێستینگەر"

ڕۆژی پێنجشەممە ٣ی ژووئیەی ٢٠٠٣ بەڕێز کاك میرۆ عەلیار، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئوتریش چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز دوکتور ئۆسکار وێستینگەر "Oskar Wustinger"، بەرپرسی کاروباری پێوندیدار بە ئێرانو جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا پێك هێنا. شایانی باسە لەو چاوپێکەتنەدا لە سەر ئەو مەسەلانەی خوارەوە باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا:

وەزعی ئێستای ئێران بە تایبەتی دوای خۆپیشاندانە ئیعترازییەکانی خوێندکاران کە لە لایەن زۆربەی کەسایەتیو لایەنەکانی شارەزای باروودۆخی ئێستای ئێران، بە سەرەتایەکی نویێ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دادەنریێ، هەروەها باروودۆخو ڕۆڵی کوردستان لەو خۆپیشاندانانەدا هاتە بەرباس.

ـ باروودۆخی شپرزەی ئابووریو کۆمەڵگای لە حاڵی تەقینەوەی ئێران

ــ رووخانی ڕێژیمی عێراقو شوێنەوارەکانی لە سەر ناوچەکە بە تایبەت لە سەر ئێرانو مەسەلەی کورد

ــ سیاسەتی یەکیەتیی ئوورووپا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا

ــ پێوەندیی حیزب لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش

ـ هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانو بابەتەکانی سەرەوە

ئەو دیدارو چاوپێکەوتنە پاش ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر ئەو مەسەلانە بە پیێداگرتن لەسەر پێوەندییەکانی هەردوولا کۆتایی پیێهات.

### چالاکیی کومیتەی ڕێوڕەسمەکانی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی بە بۆنەی ١٨ی پووشپەڕەوە

ڕۆژی شەممە ٢٠٠٣/٦/٢١ لە سەر بانگهێشتنی کومیتەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکانی ١٨ی پووشپەڕ لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا، بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس لە ئێرانییەکانی دانیشتووی "وانکۆوێری" کانادا کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی پێكهات.

لەو حەرەکەتەدا دروشم گەلێك لە پێوەندی لەگەڵ مەحکوومکردنی ڕەفتاری سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵكو هەروەها چەندین دروشم بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەباتی ئازادیخوازانەو دێموکراتیکی خوێندکارانو گەلانی ئێران بەرز کرانەوە. هەروەها لە بارەی وەزعییەتی سیاسیی ئێرانو داخوازییەکانی ئێستای بزووتنەوەی خوێندکاریو خەڵکی ئێران ، ڕاگەیەندراوێك بە زمانی ئینگلیزی، چەندین پۆستێری جۆراوجۆر سەبارەت بە پشتیوانی خەڵك لە کۆبوونەوەکەدا دەبینران.

بەشداران لە بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا وێڕای مەحکوومکردنی سەرکوتی بێبەزەیییانەی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، زۆر بە جیددی داوایان لە کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانو هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد وێڕای تەریکخستنەوەی ڕێژیم لە باری سیاسییەوە، پشتیوانی هەمەلایەنە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران بکەن. هەر لەو پێوەندییەدا لە لایەن کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکانی ١٨ی پووشپەڕ، ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٩ بە مەبەستی زیاتر هێنانە بەرباسی وەزعییەتی سیاسیو بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا، لە باکووری وانکۆوێر کۆنفرانسێك بە بەشداریی هەواڵدەرییە ئێرانیو کانادایییەکان بەستراو سەرەڕای تاوتوێکردنی باروودۆخی سیاسیی ئێران، وەڵامی پرسیاری هەواڵدەرییەکان درانەوە.

❊❊

## نۆروێژ

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٣/٦/٢٨ی زایینی، کومیتەی یەکێتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە شاری ئۆسلۆ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی خوێندکاریو ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵك، خۆپیشاندانێکی لە بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا وەڕێخست. شایانی باسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێرانو کوردستان تێیدا بەشدار بوون. لەو خۆپیشاندانەدا لە ئاگادارییەکدا کە بە دوو زمانی کوردیو فارسی بڵاو کرابوەوە، داوا لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە کرا، ١٨ی پووشپەڕی ١٣٨٢ی هەتاوی (٩ی ژوئەنی ٢٠٠٣) سێزدەهەمینساڵرۆژی تیرۆرکردنی د قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامییەوە، خۆپیشاندانێکی بەشکۆ لە بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئۆسلۆ ساز بدەن.

### زنجیرە کۆبوونەوەیەك بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خوێندکاران

چەند ڕۆژێکە هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانی خوێندکاران لە زۆربەی زانکۆکانی وڵات بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی، هاووڵاتیانی ئێرانی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە سەراسەری ئێراندا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە بەر دەرگای پارلمانی وڵاتی نۆروێژو سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەو بە ڕاشکاوی ناڕەزایەتییو بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەربڕی. هەر لەو پێوەندییەدا ڕۆژی شەممە ١٣٨٢/٣/٣١ی هەتاوی لە سەر داوای کومیتەی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی ئۆپوزیسیۆن لە نۆروێژ جارێکی دیکە هەر بەو شێوەیە لە بەر دەرگای پارلمانی نۆروێژو لە بەر دەرگای باڵوێزخانەی ئێران کۆبوونەوەو بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی "دێموکراسی، ڕێگای نەجاتی ئێران"، "خوێندکاران پشتیوانیتان لیێدەکەین"، "نا بۆ سانسۆر"، "نا بۆ دیکتاتۆر"و . . .هتد، پشتیوانیی خۆیان لە جووڵانەوە خوێندکارییەکان ڕاگەیاند.

شایانی باسە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ لە ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی ئەو زنجیرە خۆپیشاندانانەدا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

❊❊❊

# قانووندانەران دەڵێن کاربەدەستانی ئێران وەلاوە نێن

نوسینی ویلیام سی مەن C. Mann
٢٦ مای ٢٠٠٣ واشنگتون (AP)
وەرگێڕانی: م. هێجری

ڕۆژی یەکشەممۆ قانووندانەران ڕایانگەیاند، حکوومەتی توندڕەوی ئێران کە لەلایەن دەوڵەتی بووشەوە بە پەنادانی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی ئەلقاعیدە تاوانبار کراوە، سەرئێشەیەکی مەزنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چێ کردووەو دەبێ بگۆڕدرێ.

دێموکراتو کۆماریخوازەکان سوورن لەسەر ئەوە کە لە هەوڵەکانیان بۆ کۆتاییهێنان بەم کێشەیە زۆر زۆر وشیارانە بجووڵێنەوە تا پێش بە هەر چەشنە دژکردەوەیەکی دژە ئەمریکایی لەلایەن ئەو ئێرانییانەوە کە شێوەی ژیانی ئامریکایی‌یان بەدڵە، بگیردرێ.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی تاران گوتی: لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدەدا کە بەرژەوەندیی میللیی ئێمەیان خستۆتە مەترسی‌یەوە دەسپێشخەر بووەو بەر لە ئەمریکا، دوژمنایەتیی لەگەڵ ئەلقاعیدە کردوە.

ڕۆژنامەی "واشنگتون پوست" ڕۆژی یەکشەممۆ ڕایگەیاند کە حکوومەتی ئەمریکا پێوەندیی خۆی لەگەڵ

**کاتێک کە هەڕەشەیەکی توند لە ئێران بکرێ، پێ دەچێ ئەودەم ئەمریکایی‌یەکان چاوەڕوانی هاوکاری پتر لەلایەن ئێرانەوە بن. بەو مانایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قبوول ناکا کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ**

ئێراندا پچڕاندووەو وا دەردەکەوێ کە پشتیوانی لە سیاسەتێك دەکا کە توندوتیژ نەبێو باری نێوخۆیی ئێران تێك نەدا. لە وەڵامی پرسیارێك لەم پێوەندی‌یەدا، وتەبێژی کۆشکی سپی، "سکات مەك کلێلان" Scott MC Clellan گوتی: "نەخێر، سیاسەتی ئێمە نەگۆڕاوەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی کە ئێران دەبێ پشتی تیرۆریستەکان بەر بداو بەرنامەی چەکە کۆکوژەکانی ڕابگرێ." ناوبراو گوتی: "ئێران دەزانێ دەبێ چ بکا." ئەو کاربەدەستە ڕەسمی‌یەی ئەمریکا ڕایگەیاند، نیگەرانی لە پێوەندی لەگەڵ ئەگەری چالاکیی بەرپرسانی پایەبەرزی ئەلقاعیدەو عەمەلیاتی ئەوان لە دەرەوەی ئێرانو گومان لەوەی کە ئەم عەمەلیاتە لە ئێراندا داڕێژرابێ، بەڵگەیە بۆ پەرەسەندنی هەڕەشەی نێوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا. گومانی ئەوە دەکرا کە ئەو عەمەلیاتانە پێوەندییان بە تەقینەوەکانی ئەم دوایانەی عەرەبستانی سعوودیو مەراکشەوە هەبێ.

حەوتووی ڕابردوو دونالد ڕامسفێلد، وەزیری بەرگری ئەمریکا گوتی: "گومانی تێدا نیە کە ئێستاکە ڕێبەرانی پایەبەرزی ئەلقاعیدە لە ئێرانداو خەریکی چالاکین."

وەزارەتی دەرەوە حەوتووی ڕابردوو گوتی: "بەو حاڵەش کاربەدەستە ئامریکایی‌یەکان هەوڵ دەدەن ڕێگاچارەیەك بۆ وتووێژ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران لەسەر ئەو کێشانە بدۆزنەوە کە بۆ ئەمریکا گرنگن." یەکێك لەو کێشانە پێشڤەچوونی جێگای پرسیاری بەرنامەی چەکە ناوەکی‌یەکانی ئێرانە. واشنگتۆن ئیددیعاکانی ئێران لەو بارەوە کە گۆیا بەرنامە ناوەکی‌یەکانی ئەو وڵاتە بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەن، ڕەت دەکاتەوە.

بەڕێز پوریتر گوس (Porter Coos) نوێنەری بەرپرسی کۆمیتەی ڕاگەیاندن گوتی: "ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی تیرۆریزمدا نەختێك هاوکاری کردوە، بەڵام ئەوە بەس نیە."

کوس، ر ـ فلا (Coos, R, fla) لەبەرنامەی Facethe Natio دا بە تەلەڤیزیۆنی C.B.S ی گوت: "فێڵی ئێران ئەوەیە، ڕێفورمخوازان هەوڵ دەدەن باسی هێندێ ڕێفورم بێننە گۆڕێ، توندڕەوەکانیش لە هەوڵی ئەوەدان دەست بەسەر ئامرازەکانی دەسەڵاتدا بگرن. جیاکردنەوەی ئەم دوو گرووپە لەیەکدیو پاشان لاوازکردنی توندڕەوەکانو دەرهێنانی ئامرازەکانی دەسەڵات لە بن دەستی ئەواندا، کارێکە کە دەبێ لە ئێراندا جێبەجێ بکرێو ئەم کارەش دەبێ بە جۆرێك بکرێ کە نەبێتە هۆی کپبوونەوەی دەنگی ڕێفورمخوازانو یان دژکردەوەگەلێك دژی ئەوانی لێ بکەوێتەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئێران بە نێررە دەرەوەی تیرۆریزم ناو دەبا. لەو کاتەوە کە واشنگتۆن دەستی بە ئامادەکردنی لیستێکی ئەوتۆ لەساڵی ١٩٧٩ کردوە ـ ئەو ساڵەی کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار ـ و پاشان ڕێبەریی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکای کرد کە ٥٢ ئەمریکایی‌یان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بە بارمتە گرتو لە ئاکامدا ئەوە بووە هۆی پسانی پێوەندیی نێوان ئێرانو ئەمریکا.

ئەو قانووندانەرانەی کە لایەنگری هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی تازەن لە ئێراندا، ڕێگاچارەی ئێرانییان پێ باش نەبوو. جان هارمن، نوێنەری دێموکراتخوازەکان لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە کومیتەی "گووس"دا وتی: "ساڵی ڕابردوو ئێرانی پتر لە عێراق بە هەڕەشەیەکی گەورەو بەرچاو زانیوە، بەڵام ئەم کارە پێویستیی بە دیپلۆماسی‌یەکی هاوئاهەنگ هەیە."

سەناتۆر "جوبێرمەن د ـ کان" یەکێك لە ئەندامە گەشبینەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کە بە توندی پشتیوانیی لە شەڕ دژی عێراق کرد، وتی: "گۆڕینی ڕێژیم ڕێگاچارەی مەترسیی ئێرانە لەسەر ئەمریکا." ناوبراو وتی: "لەبەر مامەڵەی دۆستانەی زۆربەی ئێرانی‌یەکان لەبەرامبەر ئەمریکادا، هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێرانی بەلاوە پەسند نیە."

سەرۆکی کومیتەی ئیتلاعاتی سەنا بەبێ ئەوەی بە گوێرەی پێویست قسەکانی شی بکاتەوە وتی: "کاتێك کە هەڕەشەیەکی توند لە ئێران بکرێ، پێ دەچێ ئەودەم ئەمریکایی‌یەکانی‌چاوەڕوانیی هاوکاری پتر لەلایەن ئێرانەوە بن. بەو مانایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قبوول ناکا کە ئێران ببێتە خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژ."

سەناتۆر پیتر ڕۆبێرتس (R - Kna) لە بەرنامەی (چاوپێکەوتن لە چاپەمەنی‌دا) کە لە تەلەڤیزیۆنی N.B.C ـەوە بڵاو دەبێتەوە، وتی: "سەبارەت بە مەسەلەی ئێمەو ئەمریکا لەپێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ئەلقاعیدە کە گۆیا لە ئێران ڕا هاتوونو دەستیان لە تەقینەوەکانی عەرەبستانی سەعوودی‌دا هەبووە، کۆمەڵێك کار کراون کە زۆر بەسوود دەبن، من پێم وایە لەم پێوەندی‌یەدا خەریکین بۆ پێشەوە دەچین."

جێگری بەرپرسی کۆمیتەکە، سەناتۆر "جەی ڕاکفلەر" "Jay Rockfeller" لە دواپین بەرنامەکانی N.B.Cدا گوتی: "چاوەڕوانی هەواڵی خۆش سەبارەت بە ئێران لە داهاتوودایین، بۆیە هەوڵدان بۆ شێواندنی وەزعی ئێران بەو هیوایە کە ڕاپەڕین گەلێك لەوێدا بە قازانجی ئەمریکا ساز بێن، کارێکی زۆر نەترسانە دەبێ. "ڕاکفلەر" هەروەها گوتی: "من پێم وایە ئێمە دەبێ سەبارەت بە کونترۆڵکردنو سازکردنی ڕاپەڕین لە ئێراندا قەزاوەتی بە پەلە نەکەین. ئێمە لەم پێوەندی‌یەدا دەبێ زۆر وردبینتر بین، چونکە . . . دوای ئەفغانستانو عێراق. . .

سەناتۆر "جوزێف بایدن" لە ویلایەتی "دولور" Delaware ئەندامی کومیتەی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی سەناو یەکێك لە دێموکراتەکان، وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی عێراقو ئەفغانستان، نیگەرانیو ڕەوشتی توندڕەوانەیە. ناوبراو گوتی: "من پێم خۆشە کە ئەمریکا لەیەك کاتدا تەنیا خەریکی یەك کار بێ."

جەوادی زەریف، دیپلۆماتێکی پایەبەرزی ئێرانی لەم حەوتوویەدا لە وتووێژ لەگەڵ A.B.Cدا گوتی: "ئەم حکوومەتە ـ کۆماری ئیسلامی ـ پێی خۆشە گرژیی نێوان خۆیو ئەمریکا کەم بکاتەوە. زەریف، باڵوێزی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: "ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا بەزمانی فشار لەگەڵ ئێراندا بدوێ، ئەودەم ئێران بەرەنگاری دەبێتەوە."

***

# هاوده‌نگیی وڵاتانی جیهان لەپێناو ناچارکردنی ئێران بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆژە ناوکی‌یەکەی

هەژیر

پاش ئەوەی ناوەندەکانی چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی [نەتەنز، هەشتگێردو کەرەج] لەلایەن ئەمریکاوە ئاشکرا کرانو بۆ ڕوونکردنەوەی چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی ئێران، ئەمریکا زیاتر تەنگی بەو وڵاتە هەڵچنی. وڵاتانی دیکەش لەوانە یەکیەتیی ئورووپا، کاناداو ڕووسیەش هاودەنگ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوایان لە ئێران کرد، پروتوکۆلی هاوپێچی بەرهەمهێنانی چەکە ناوکی‌یەکان مۆر بکا. هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ کە تەنیا مەبەستی فرەجۆر کردنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزەیەو ڕاپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیو گوشاری وڵاتانی ناوبراوی لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدا دەزانێ کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ فشار هێنان بۆ کۆماری ئیسلامی داڕێژراوە، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم دەڵێن کە درێژە بە هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکی‌دا دەدەن، بەڵام تەنیا کاتێك پروتوکۆلە هاوپێچەکەی مۆر دەکەن کە سزاکانی سەر ئەو وڵاتە لابرێنو ڕێگای پێبدرێ دەستی بە تیکنولوژیی ناوکی ڕابگا.

وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا بە دەرکردنی بەیاننامەیك لە لوگزامبورگ ، دڵتەنگیو نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە بەرفرە بوونی چالاکی‌یە ناوکی‌یەکانی ئێران کرد دەربڕیو داویان لە ئێران کە خێراو بێمەرج پروتوکۆلی هاوپێچی ڕێککەوتننامەی بەرهەمهێنانی چەکە ناوکی‌یەکان قبوول بکا. ئەوان داوایان لە ئێران کرد کە پرۆژە ناوکی‌یەکان خۆی ڕابگرێو چی‌دی هەوڵەکانی خۆی لەم بوارەدا نەشارێتەوەو بێ سێو دوو وڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە کە لە پێوەندی لەگەڵ پرۆژەکانی هاتونەتە گۆڕێو واز لە تیرۆریزمو دژایەتیی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێنێ. نیگەرانیی ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی گەیشتە ئاستێك کە تۆنی بلێر، سەرەوەزیری بریتانیا پاش ئەوەی کە گەری سیمور، یەکێك لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە ستراتیژیکەکان پێی گوتبوو کە: ئێران ئەوپەڕەکەی تا سێ ساڵی دیکە دەتوانێ بۆمبی ناوکی بەرهەم بێنێ، ڕایگەیاند: جیهان دەست لەسەر دەست دانانیشێ تا کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی. لەوە دەچی ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ئێران، خۆپێشاندانی خوێندکارانو هەروەها مەسەلەی دامەزراوە ناوکی‌یەکانی ئێران، وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپایان هێنابێتە سەر ئەو باوەڕە کە بە سیاسەتی چەند ساڵەی خۆیان دەرهەق بە ڕێژیمی ئێرانداو هەروەها بە سیاسەتی بە ناو دیالۆگی ڕەخنەگرانەدا بچنەوە، چونکە ئەوان لەمێژە نیوەڕۆکی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییان بۆ دەرکەوتووەو تا ئێستا لەبەر بەرژەوەندیی ئابووریی خۆیانو هەروەها ئاگادار نەبوون لە پرۆژە ناوکی‌یەکانی ڕێژیمو یا بە ئەنقەست، خۆیان لەو هەوڵانە گێل کردوە.

ئەوان باش دەزانن کە ئەگەر ڕێژیم چەکی ناوکی دەست کەوێ ئەمنییەتو بەرژەوەندیی ئەوان دەکەوێتە مەترسی‌یەوە. پێداگرتن لەسەر جێبەجێ کردنی بەیاننامەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، سەرباری ئاکامە سیاسی‌یەکانی، لەسەر دیپلوماسیی ئابووریی کۆماری ئیسلامییش شوێن دادەنێ. ڕێژیمی ئێران لەمێژە بە جیددی هەوڵ دەدا بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکا، خۆی لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا نزیك بکاتەوە. ئەگەر ئێران ئەو وریا کردنەوانەی کە لەو بەیاننامەیەدا هاتون پشتگوێ بخا، کۆسپ دەکەوێتە سەر ڕێککەوتننامە بازرگانی‌یەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی‌دا. شایانی باسە کە هاوردەی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا کە زۆربەی نەوتە، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەیشتە شەشو نیو میلیارد یۆروو ئەمەش لە کاتێك دایە کە بایی هەناردەی ئەم یەکیەتی‌یە بۆ ئێران لە حەوت میلیارد یۆرو پترە.

محەممەد ئەلبەرادعی، سەرۆکی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی (I.A.E.A)ش لە وتووێژێکدا لە پەڕاوێزی کۆبوونەوەی ئابووریی جیهانی لە ئوردۆندا گوتی: "ئێمە هێشتا پرسیاری زۆرمان سەبارەت بە چوارچێوەی پرۆژەی ناوکیی ئێران هەیەو هێشتا نێوەرۆکی پرۆژە ناوکی‌یەکانی ئێران بە تەواوەتی ڕوون نیە". بەڕێز ئەلبەرادعی لە درێژەی قسەکانی‌دا ئێرانی وریا کردەوە کە ئەگەر پروتوکۆلی هاوپێچ قبووڵ نەکا، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هیچ چەشنە بەرپرسایەتی‌یەك سەبارەت بە ئێران وەئەستۆ ناگرێ. ڕێبەرانی ڕێژیم هەرچەند گوتویانە کە هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی درێژە پێ دەدەن، بەڵام تا ئێستا ملیان بە داواکەی دیکەی ئەو ئاژانسە واتە مۆرکردنی بێمەرجی پروتۆکۆلی هاوپێچی بەرهەمهێنانی چەکە ناوکی‌یەکان، نەداوە. چونکە ئەوان باش دەزانن کە مۆرکردنی ئەم پروتۆکۆلە ڕێگە بۆ پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی خۆش دەکا تا بە ئاسانیو بە بێ دیاریکردنی کات، سەرجەم بنکەو دامەزراوە ناوکی‌یەکانی ئێران بپشکننو بەم شێوەیە ڕێژیم پەتی دەکەوێتە سەر ئاو. کۆماری ئیسلامی تەنانەت بۆ شاردنەوەی پرۆژەکانی خۆی ئامادە نیە ڕێگە بدا کە هاوبەشە (شیرکەت)ی بەرقی کالای ئەلیکتریك لەلایەن پشکێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بپشکێنرێ. بەم جۆرە، بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی خاپێنەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی‌یە. هەوڵەکانیشی ڕاست لەم پێناوە دان، چونکە ئێران سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی سەرچاوەیەکی مەزنی نەوتو گازە، وزەی ئاویو ڕۆژیی زۆر هەرزانترو زۆرتری لەچاو وزەی ناوکی لەبەر

**بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی خاپێنەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە بە نهێنی خەریکی پەرەپێدانی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی‌یە**

دەست دایەو بە باش کەلك وەرگرتن لەم سەرچاوانە دەتوانێ وزەی پێویستی خۆی بەرهەم بێنێ. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران کە لەلایەن ئەمریکاوە گەمارۆ دراوە، تێدەکۆشێ تا بە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی خۆی لەهێرشی ئەمریکا بپارێزێ. کڕینی بەردەوامی چەکوچۆڵ، پشتیوانیی بێ ئەملاو ئەولا لە تیرۆریزمو پڕچەککردنی تیرۆریستەکان، لەمپەر دانان لەسەر ڕێی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو دەستێوەردان لەکاروباری وڵاتانی دراوسێ وەك: عێراق، ئەفغانستان، نیگەرانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکە ناوکی‌یەکان زۆرتر کردوە. ئەم چەشنە کردەوانە تەنانەت دەوڵەتی ڕووسیەی کە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی یارمەتیی ئێران دەدا، هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە تا مەسەلەی تەواو کردنی دامەزراوی ناوکی "بووشەهر" بە ئیمزای پروتۆکۆلی هاوپێچی بەرهەمهێنانی چەکە ناوکی‌یەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە ببەستێتەوە. ئەم هەڵوێستەی ڕووسیەش بووە هۆی ئەوە کە جۆرج بووش بەم بۆنەیەوە سوپاسی "ولادیمیر پووتین" بکا.

سەرچاوەکان:
ماڵپەڕی ڕادیۆ B.B.C
ماڵپەڕی ڕادیۆ فەردا

***

# کۆماری ئیسلامی چەندە لە خەبات دژی مەوادی موخەددیردا شێلگیرە؟

## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی مەوادی موخەددیرەوە

ع. بداغی

ئەمڕۆ دیاردەی گیرۆدەبوون بە مەوادی موخەددیرو پەرەسەندنی ئەو ماددە ماڵوێرانکەرە کە وەك دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی هەڕەشە لە ژیانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیو سیاسیی کۆمەڵگا دەکا، بەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوەو لە ریزی ئاڵۆزترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دنیادا سەیری دەکرێ.

کۆی ئەو خەسارو زیانانەی کە کۆمەڵگا بەهۆی گیرۆدەبوون بە ماددە بێهۆشکەرەکانەوە تووشی هاتوە، وای کردوە کە خەبات دژی قاچاخو پەرەسەندنی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرە لە ئاستی جیهانیدا بێتە گۆڕێو جگە لە پێکهێنانی کومیتەی هاوبەشی جیهانیی دژی قاچاخی مەوادی موخەددیر، گەلێك لە وڵاتان رێککەوتننامەی هاوکاری، خەباتی هاوبەشو یەکگرتوو بۆ نەهێشتنو هەڵتەکاندنی تۆڕەکانی قاچاخی مەوادی موخەددێر بەیەکەوە ببەستن. بەڵام قازانجی لەڕادەبەدەرو سەر سووڕهێنەری ساتوسەودای ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ تۆڕە بەربڵاوو مەرگهێنەرەکانی قاچاخی ئەو مەوادە لە کردەوەدا زۆربەی هەوڵەکانی دەوڵەتو رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لەو پێوەندییەدا ئەگەر نەڵێین نەزۆك هێشتۆتەوە، دەتوانین بڵێین کەمڕەنگ کردۆتەوە. مافیاکانی قاچاخی مەوادی موخەددیر بە بەرتیلدان بە دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتانی جۆراوجۆر راستەوخۆ توانای بەرەنگاریی هێزە دەوڵەتییەکانیان تێك شکاندوەو ئەوانیان دستەمۆو ناچار بە سازان کردون.

وڵاتی ئێرانیش بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیاییو دراوسێتی لەگەڵ وڵاتێکی وەك ئەفغانستان کە پتر لە ٧٠٪ی مەوادی موخەددیری دنیای لێ بەرهەم دێ، لەبارترین وڵاتە بۆ ترانزیتو بەڕێکردنی ئەو مەوادە بۆ ئورووپاو دنیای دەرەوە. لەو نێوەشدا ئاساییە کە ئەگەر دەسەڵاتدارێتیی ئێران بەرنامەیەکی گونجاوو رێکوپێکی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ قاچاخو پەرەسەندنی مەوادی موخەددیر لەنێوخۆدا نەبێ، ئەوا بە هاسانی ماددە بێهۆشکەرەکان لە وڵاتدا بڵاو دەبنەوە. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٢٤ ساڵی رابردوودا لەو پێوەندییەدا هیچ کات روون نەبوون. رێژیم پاش ماوەیەکی زۆر نکۆڵیکردنی قاچاخی مەوادی موخەددیرو بوونی ئێعتیاد لە ئێراندا، کاتێ لەگەڵ تەقینەوەی ئەم دیاردەیەو ئاسەوارە ژیان شێوێنەکانی بەرەوڕوو بۆوە، بەرواڵەت چووە بەرەی خەبات دژی مەوادی موخەددیرەوە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو بیانووە کە ئێران شادەماری ترانزیتی مەوادد بۆ ئورووپاو دەرەوەیەو پێویستە لە ئێراندا پێشی پێ بگیرێ، ساڵانە بە دەیان میلیۆن دۆلار یارمەتی لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان وەردەگرێو لە لایەکی دیکەشەوە لەو بیانووە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتنو جێبەجێکردنی سیاسەتە دژی گەلییەکانی کەڵك وەردەگرێ. شوێن پەنجەی رێبەرانی رێژیم لە ترانزیتو بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر لە نێوخۆی وڵاتدا بە ئاشکرا دیارەو دەرەنجامی سیاسەتەکانی رێژیم لەو پێوەندییەدا زۆر جار لە قاو دراوە. رێژیم ئێستاشی لەگەڵ بێ لە بەناو خەبات دژی ماددە بێهۆشکەرەکان بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسیو تۆمەتبارکردنیان لەو بارەوە کەڵکی خراپ وەردەگرێ.

ئاسەوارو نیشانەکانی پەرەسەندنی ئێعتیاد لە روخساری شارو ناوچەکانی کوردستان لە چاو شوێنەکانی دیکەی ئێران زیاتر بەدی دەکرێ، چونکە پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران ژمارەی گیرۆدەبووان بەو مەوادە لە کوردستان لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێنەدەپەڕی. رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارەوە تا ئێستا بۆ بنەبڕکردنی هەستی نەتەوایەتیو بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێك نەپرینگاوەتەوەو لە هەموو کەرسەیەكو رێکارێکی بەکردەوە کەڵکی وەرگرتوە، بە لەبەرچاو گرتنی ئاسەوارەکانی ئێعتیادو تایبەتمەندییەکانی کەسێکی موعتاد، لە پەرەپێدانی ئەو دیاردەیە لە کوردستان وەك چەکێکی کاریگەر کەڵکی وەرگرتوە. هەربۆیە دەبینین رێژیم هەوڵ دەدا تا لە درێژەی سەرکوتی بزووتنەوەی گەلەکەماندا بەم پیلانە لەکاتی خۆیدا لە تووشبوان کە کەسانێکی لەرزۆكو بێئیرادەیان لێ دەکەوێتەوە، بە قازانجی خۆی کەڵك وەرگرێ. لەم رووەوە هەوڵەکانی رێژیم لە خولقاندنی ئەو فەزا رەوانیو کۆمەڵایەتییانەی رێگای گلانی لاوان لەو زەلکاوەدا خۆش کەن، جێگای سەرنجو لێکدانەوەیە.



بێکاری، هەژاری، بێئاسۆییو تەمابڕاوی، جیاوازیدانانو سەرکوتی هەرچەشنە داوایەكو دەیان گرێی دەروونیی دیکە کە هەر هەموویان بەرهەمی سیاسەتە شوومەکانی ئەو رێژیمەن، بوارێکی لەباریان لەبەر دەم گیرۆدەبوونی لاوان بە ئێعتیادو پەرەسەندنی ئەم دیاردەیەدا رەخساندوە. بەتایبەت کاتێك کە ماددە بێهۆشکەرەکانیش زۆر بەهاسانی، بە نرخێکی زۆر هەرزانو لە هەموو شوێنێکیش دەست دەکەون.

بە چاوخشاندنێك بەسەر ئاماری تووشبوان بە مەوادی موخەددیرو وەزعییەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێران باشتر دەرەنجامی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا روون دەبێتەوە:

ئامارە رەسمییەکان تووشبوان بە مەوادی موخەددیر لە ئێران لە نێوان ٣/٧ تا ٤ میلیۆن کەس دادەنێن، بەڵام ئامارە غەیرە رەسمییەکان ژمارەی موعتادەکانی ئێران تا ٦ میلیۆن کەس نیشان دەدەن. تەمەنی بەکار هێنەرانی مەوادی موخەددیر ساڵ بە ساڵ زیاتر دادەبەزێو هەر ئێستا پتر لە ٣٪ی مێرمنداڵانی خوار تەمەن ١٧ ساڵ گیرۆدەی مەوادە بێهۆشکەرەکانن. هەموو رۆژێك ٥٠٠ کەس لە ئێراندا موعتاد دەبنو لە مانگدا زیاتر لە ١٠٠ کەس بەهۆی بەکارهێنانی مەوادی موخەددیرەوە گیانیان لەدەست دەدەن. رۆژانە لە ئێراندا ٢ تۆن مەوادی موخەددیر بەکار دەهێنرێو زیانەکانی دەرەنجامی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان لە ساڵدا پتر لە ١٥٠٠ میلیارد تمەن بەراورد کراوە کە بێگومان قازانجی قاچاخو پەرەپێدانی ئێعتیاد لە کۆمەڵگای ئێراندا بۆ تۆڕە مافیاکانی سەربە دەسەڵاتدارەتی زۆر لەوە زیاترە. هەموو ساڵێ ٥٪ بە ئاماری موعتادەکانی وڵات زیاد دەبێ کە چی رێکخراوی بێهزیستی تەنیا توانای چارەسەری کەمتر لە ٢٪ی کۆی موعتادانی ـ ئەویش بە ناتەواوی ـ هەیە. بەڵام هەمیسان ئەو چارەسەرییەش قەتعی نیەو پاش ماوەیەك ٩٠٪ی ئەو کەسانە سەرلەنوێ تووشی ئێعتیاد دەبنەوە.

ئێستا بەلەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانەو سەرنجدان بەوەی کە جگە لە یارمەتییەکانی دەرەوە، هەموو ساڵێ زیاتر لە ٢٠ میلیارد تمەن بەرواڵەت بۆ خەبات بەدژی مەوادی موخەددیر تەرخان دەکرێ، ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ کە چۆنە ئەو دیاردەیە رۆژ بە رۆژ زیاتر لە ئێراندا پەرە دەستێنێ؟ چۆنە بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی بەرپرسانی رێژیم لەمەڕ خەبات دژی پەرەسەندنی مەوادی موخەددیر، ئەو مادە بێهۆشکەرانە هێندێ جارو لە هێندی شوێن بە بەلاشو زۆر بە هاسانیو لە شوێنە گشتییەکان، شەقام، کۆڵان، قوتابخانە، زیندانو. . . هتد دەخرێتە بەردەستی گیرۆدە بووانو هیچ هێزێکی بەرەنگاو موزاحێمیش لەگۆڕێدا نیە؟ بێگومان دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە لە توێتوێی ئیرادە سیاسیو روانگەو ریاکارییەکانی رێبەرانو بەرپرسانی پایەبەرزی رێژیم لەو پێوەندییەدا ببینینەوە.

بۆ بەرەوڕوو بوونەوەو کونترۆڵکردنو لە ئەنجامدا بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە پێویستە جگە لە خەباتی بەردەوامو لێبڕاوانە دژی تۆڕەکانی بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر، زیاتر لە بواری پێشگیری لە گیرۆدەبوونی لاوان بە ئێعتیاددا هەنگاو هەڵبهێنرێتەوە، کارێك کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نە کردوویەتیو نە بە قازانجی خۆی دەزانێ بە جیددی بیکا.

دانی زانیاری پێویست لەلایەن بنەماڵەو مامۆستاکان لەمەڕ ئاسەوارو زیانەکانی ماددە بێهۆشکەرەکانو چۆنیەتیی کەڵك وەرگرتن لە کاتە بەتاڵەکان بەدارشتنی بەرنامەی گونجاوو رێکوپێك، پێکهێنانی فەزایەکی سالمی تەفریحی بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی لاوانو مێرمنداڵانو دانی ئامووزش بە لاوان لەبارەی ژیانی سەربەخۆو پێکهێنانی دەرفەتی شوغڵیو خوڵقاندنی ئەنگێزەی هەوڵو تێکۆشان لە لاواندا بۆ ژیانێکی باشترو هەروەها چارەسەری جیددی تووشبوان بەشێك لە رێکاری بەکردەوەن بۆ نەهێشتنو بنەبڕکردن یان لانیکەم بۆ کونترۆڵکردنی ئەم دیاردە ماڵوێرانکەرەیە، شتێك کە راست بە پێچەوانەی سیاسەتو ئامانجە سیاسییەکانی رێژیمەوەو تا سێبەری ئەو رێژیمە لەسەر ئێران بێ، بی، بێگومان کۆمەڵگای ئێران رۆژ بەرۆژ زیاتر لە فەسادا نوقم دەبێو بەشوێن ئێعتیاد بە مەوادی موخەددیردا، دەیان دیاردەی دزێوی دیکەش سەر هەڵ دەدەنو پەرە دەستێنن.

ئامارەکان لە سایتی خەبەریی "اخبار روز" وەرگیراون.

***

# بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسی تێبکۆشین

بڵێسەی ئەو ئاگرەی کە بە بۆنەی دژایەتیکردن لەگەڵ تایبەتیکردنی زانکۆکان لە ٢٠ی جۆزەردانی ئەم ساڵ لە خابگای زانکۆی تاراندا هەڵئایسا، بە جۆرێك بوو کە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا ویستەکان گۆڕانو بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادیی زیندانیانی سیاسی، هەزاران خوێندکاری لە زۆربەی زانکۆکانی ئێراندا کێشایە نێو مەیدانەوە. ئەو گرشەیەی لەو بزووتنەوەیە هەستا، حاکمییەتی ناچار کرد کە هەڵوێست بگرێ. رێژیم دەزگای سەرکوتی خۆی بۆ خامۆش کردنی گڕکانی ئەو ئاگرە وەکار خست. عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی شیری لە کالان دەرکێشاو خوێندکارەکانی بە بێگانە ناو بردو رێگەی بەرخوردی بێڕەحمانەی لە بەرامبەر خوێندکاراندا گرتە بەر. بە شوێن قسەکانی رێبەری کۆماری ئیسلامیدا، سەرکوتی ئەو بزووتنەوەیە دەستی پێکرد. لیباس شەخسییەکان تا ئەو جێگەیەی لە توانایان دابوو، هێرشیان کردە سەر خوێندکارانو هێندێکیان بە باتۆمو قەمەو... بریندارکردن، دەیان کەسیان لێرفاندن، چەند هەزار کەسیان رەوانەی زیندانەکانیان کردن. لەگەڵ ئەوەشدا بڵێسەی ئەو ئاگرە نەکووژایەوە. هێرشی گۆپاڵ بەدەستانی رێژیم بۆ زانکۆی تاران، ئاگری رقی خوێندکارانی شاری "یزد"ی خۆشتر کرد. شەبیخوونی چەقۆکێشانی بەکرێگیراوی حاکمییەت بۆ سەر خابگای "ترشت" لە لایەن خوێندکارانەوە بە دروشمەکانی "زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ" و "تانك، تۆپ، بەسیجی چیتر توانای نەماوە" وەڵام درایەوە. لە ماوەیەکی کەمدا لە سەراسەری ئێرانو لە زۆربەی زانکۆکاندا، گڕی نارەزایەتی بە دژی ئیستبدادی حاکمییەتی هەڵگیرساند. ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئەو گڕە بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی خەڵك هەتا دێ هەروا لە کڵپە سەندان دایە.

بێشك بزووتنەوەی خوێندکاری رۆڵی رێبەرایەتیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر شانەو هەمیشە شوێنی لە سەر کردنەوەی فەزای سیاسی داناوە، ئەو بزووتنەوەیە هێزو توانای خۆی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێو لەگەڵیان لە پێوەندی دایە.

ئەمڕۆ لە بەرەبەری ساڵرۆژی ١٨ی پووشپەڕدا، یەکانگیرکردنی هێزو تواناکان لە سەر ویستە دیارەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، یانی دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی سەرکوتو توندوتیژیو ویستی ئازادیی زیندانیانی سیاسی بە تایبەت زیندانییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری زۆر گرینگەو ئەو ویستەی خوێندکاران لەگەڵ ویستو ئارەزووی میللەتێك لێك گرێ دراونو دەکرێ لە بوارە نەتەوەییەکانەوە پێشوازی لێبکرێ.

کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی بە مەحکوومکردنی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لێبڕاوانە پشتیوانی لە بزووتنەوەی خوێندکاری دەکا. هەر بەو مەبەستە داوا لە هاونیشتمانان دەکەین بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی خوێندکاری لە ماوەی رۆژەکانی ١٢ تا ١٨ی پووشپەڕدا، بە یەکخستنی هێزەکانی خۆیان بە دەنگیانەوە بچین. پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە ئەو حەوتوویە ناو بنێین حەوتووی خوێندکارو بۆ دیفاع لە ئازادیی زیندانیانی سیاسیو زیندانیانی بزووتنەوەی خوێندکاری بە تەواوی تواناوە، دەستپێشخەر بین.

ئەو شێوە جۆراوجۆرانەی خەبات، خەڵك بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی خوێندکاری هەڵیان بژاردوون، لە بورای نەتەوایەتیدا رێژیم ناچار بە تەسلیم بوون دەکەن، دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە رێژیم ناچارە تەسلیم ببێ.

**یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی**

پێکهاتوو لە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

رێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران

یەکیەتیی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (رێگای کرێکار)

***

## راستکردنەوەی هەڵەیەك

لە ژمارە ٣٦٧ی "کوردستان" لەبەشی هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات، چاوپێکەوتنی نوێنەری حیزب لەگەڵ ئاغای "ئێریك ئولەنهاك" ناوی بەڕێز دوکتور زیاو سەدرولئەشرافی بە هەڵە دوکتور زیبا سەدرولئەشرافی چاپ بووە کە بە داوای لێبوردن لە بەڕێزیانو خوێنەرانی "کوردستان" بەمجۆرە ئەو هەڵەیە راست دەکەینەوە.

# قوتابیانی ئەورۆو

# ئەرکی گرنگی بەردەمیان

**ئەیووب شەهابی‌راد**

قوتابیان کە بە گوێرەی دابەشکردنی قۆناغەکانی خوێندن لە ئاستەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و دوا ناوەندی‌دا جێگە دەگرن، ئەو بەرەیە لەهەر کۆمەڵگایەکدا کە وەك بنیاتنەری دوارۆژ لە بواری پەرەپێدان‌و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە کاریگەرییان دەبێ. ئەو توێژە بە لەباری تەمەنەوە بەسەر قۆناغەکانی، منداڵی، مێرمنداڵی‌و لاوی‌دا دابەش دەبێ‌و هەروەها زیان وەرگربوونیان لە بەرامبەر دژە نۆرمە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا‌و گرینگی پەروەردەو بارهێنانیان بە مەبەستی گەشەو بردنە سەری پێشکەوتنی هێزو توانا شاراوەکانیان‌و ڕۆڵی سەرەکی‌یان لە داهاتووی هەر کۆمەڵگایەکدا، لە ناوەندی سەرنجی حکوومەتە پێشکەوتوو دێموکراتیکەکان دان‌و گرینگی‌و بایەخێکی بەرچاویان پێ دەدرێ. قوتابیانی وڵاتەکەمان کە بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی کۆمەڵگا پێك دێنن، جێی بایەخ‌و سەرنجی تایبەت‌و هەروەها پێویستیان بە بەرنامەڕێژی‌و ڕێگاگەلی کارناسانەی گونجاو لەگەڵ پێشکەوتن‌و زانستی سەردەم بە مەبەستی گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش هەیە.

بێگومان ناسینی وەزعییەتی قوتابیان‌و بەگشتی توێژی مێرمنداڵ‌و لاوی وڵات لە هەموو بوارێکی پەروەردەیی، بارهێنان‌و کۆمەڵایەتی‌دا لە ناسینی سیاسەت‌و کردەوەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر کۆمەڵگادا بە گشتی جیا ناکرێنەوە. ڕێژیی ئاخوندی بەهۆی بەرنامە هەڵەکانی خۆی لە بارەی بردنە سەری ڕێژەی حەشیمەت لە سەرەتاکانی حاکمییەتی‌دا حەشیمەتی ئێرانی چڕ کردەوە کە لە باری پێکهاتەی تەمەنەوە کۆمەڵگایەکی پێك هێنا کە لەودا توێژی مێرمنداڵ‌و لاو بە گشتی لە بەرامبەر بەرەی بەتەمەندا بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیاد بوون بێ، هەر بۆیەش لە لایەن حاکمییەتەوە دەبێ سەرنجێکی زیاتر بەو توێژە بدرێ‌و پێداویستی‌یەکانی ئەوان وەك، خوێندن‌و بارهێنان، تەفریح‌و سەرگەرمی، کار، ژیانی هاوبەش، خانوو . . .یان بۆ دابین بکرێ. بەڵام نە تەنیا ڕێژیم هیچ چەشنە هەنگاوێکی بەکەڵکی بۆ پێڕاگەیشتن بەم توێژەو توێژەکانی کۆمەڵگا هەڵنەهێناوەتەوە، بەڵکوو هەر ڕۆژ شاهیدی کۆمەڵێك دیاردەی نەگونجاوی کۆمەڵایەتی وەك، دابڕانی قوتابیان لە خوێندن لە قۆناغە جیاجیاکاندا، پەرەسەندنی مەوادی موخەددیر لە نێو قوتابخانەو ناوەندەکانی پەروەردە کردنی وڵات، جیاوازیی زۆری ئاستی ژیان، دەسکورتی، بێکاری، هەلومەرجی زیانبەخشی نێو بنەماڵەو دەرەوەی بنەماڵەکانین. بێگومان تەواوی ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیانە هەر لە سەرەتاوە لە نەبوونی بەرنامەڕێژی‌یەکی دروست‌و گونجاو، بایەخنەدان بە پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی ئەم توێژە لەم قوناغە ناسکەداو هەروەها نیوەرۆکی ڕاستەقینەی ڕێژیم سەرچاوەیان گرتوە.

هەلسوکەوتی ڕێژیم بە نیسەت تازە لاوو لاوەکان، بەتایبەتی قوتابیان هەمیشە شێوە کۆنتڕۆڵکەرانە بووە نەك لە سەر بنەمای پەروەردەو بارهێنان. ئەگەر چاو لە سیستمی پەروەردەو بارهێنانی ڕێژیم بکەین دەبینین کە خاوەن خەسڵەتێکی نا دێموکراتیکەو بۆمان دەردەکەوێ کە شێوەی بارهێنان، قەوارەو پێکهاتەی بنیاتە پەروەردەیی‌یەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا لەسەر بنەمای پەروەردەو بارهێنانی‌قوتابی‌یەکان لە چوارچێوەیەکی لە پێشدا دیاریکراو، ئیدئۆلۆژیکی‌و لەسەر بنەمای جیهانبینیی تایبەتیی ڕێژیم داڕێژراون.

ڕێژیم دەیهەوێ قوتابی‌یەکان بە گوێرەی ئیدئۆلۆژی‌و فیکری خۆی پەروەردە بکا بە جۆرێك کە ئەوان بەو شێوەیە بار بێنێ‌و بیانخاتە ڕێگایەکەوە کە لە خزمەت ئامانجەکانی ڕێژیم دابن. بەگشتی ڕێژیم بە سیستمێکی پەروەردەیی داخراوەوە کە بەهۆی وڵامنەدەریی‌و جێبەجی نەکردنی پێداویستیە سەرەکی‌یەکانی قوتابیان‌و هەروەها نەگونجانی لەگەڵ ئاستی زانستی ئەمڕۆداو دەسکەوتێکی ئەوتۆی جگە لە پەکخستنی پرۆژەی خوێندن‌و سەرهەڵدانی دەیان دژە نۆرمی ڕەوشتی‌و کۆمەڵایەتیی کە باسمان کردن، نیە.

لە هەلومەرجی ئێستادا وڵاتەکەمان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی خۆی‌داو بۆتە تەواوەتێکی تێکەڵاو یەکگرتوو بە مەبەستی گەیشتن بە حکوومەتێکی سەرچاوە گرتوو لە ئیرادەی خەڵك. هەروەها بزووتنەوەی خوێندکاری وڵاتەکەمانیش ڕەوتێکی نوێ‌و چالاکتری دەست پێ‌کردوەو تەوەهومی ئیسلاحی ڕێژیمی بە یەکجاری وەلاوە ناوەو بۆ گەیشتن بە ئازادی و چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێراندا بەرەو هاوئاهەنگی‌و هاودڵی‌یەك کە دەستپێکی کۆمەڵێ جوولانەوەی گەورەی کۆمەڵایەتی لە ئێران دایە بەروپێش چووە. زانکۆکانی وڵات لە لایەك هەڵگری بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانەن کە سەرەتای بزووتنەوەیەکی سەرانسەری، بەربڵاو، سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە دژی ئیستبدادی ولایەتی فەقیهو لە لایەکی دیکەوە نزیك بە یەك میلیۆن‌و شەشسەد هەزار خوێندکار لە هەزاران بوارەوە لەگەڵ دەیان میلیۆن بنەماڵەی ئێرانی‌و وەچەی پێش خۆیان‌و قوتابیانی سەرانسەری وڵات لە پێوەندی‌دان.



هەر بۆیەش بە حەرەکەتی خوێندکاران تەواوی کۆمەڵگا وەحەرەکەت دەکەوێ.

ڕێژیی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی حاکمییەتی خۆی بەردەوام هەوڵی داوە کە پێش بە سیاسی بوونی کەش‌و هەوای قوتابخانەو زانستگاکان بگرێ‌و قوتابی‌یەکان‌و خوێندکارەکان بەردەوام لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵات، ڕاستی‌یەکان‌و ڕووداوەکان دوور ڕاگرێ بە چەشنێك کە لە بەرامبەر مەسەلە بنەڕەتی‌یەکانی کۆمەڵگاداو چارەنووسی کۆمەڵگا نائاگاو خەمسار دبن. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دیدی سیاسی، هەڵسوکەوت‌و بەرنامەو کردەوەکانی بە نیسبەتی ئەو توێژە هەروەها بە وەرێخستنی پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو لە هەموو بوارەکان‌دا لە ڕێگەی پاوانکردنی ڕاگەیەنەکان‌و کاناڵەکانی پێوەندیی گشتی بە پەسندکردنی سیستمی پەروەردەو بارهێنانێکی تایبەت بە خۆی، ویستوویە ئەو توێژە لە بنیاتنەرانی دوارۆژی وڵاتەکەمان بەپێچەوانەی تایبەتمەندی ڕاستەقینەی فەرهەنگیی خۆیان بە ناسنامەیەکی تایبەتی‌و بە گوێرەی ویست‌و ئارەزووی خۆی پەروەردە بکا.

ئێمە ئێستا شاهیدی هاتنە ئارای بەرەیەکین کە لەژێر باری چەندین ساڵ سەرکوت‌و زیندان‌و ئەشکەنجە، دووری لە ئازادی، شادی‌و سەیران، فشاری جۆراوجۆری ڕۆحی‌و هەژاری‌و بێکاری، ئێعتیادو سیستمێکی پەروەردەیی ئیدئۆلۆژیك، ڕاپەڕیوەو سەرهەڵدانێکی گشتگیرو بەربڵاوی لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگادا بە مەبەستی ڕووخاندنی دیکتاتۆری ئاخوندی وەڕێ خستوە، نیشاندەری شکست‌و داماویی کۆماری ئیسلامی‌و بیرو بۆچوونەکانی لە تەواوی بوارەکان دایە. قوتابی‌یەکانی‌و خوێندکارانی وڵاتەکەمان لە قۆناغی ئێستادا بە هۆی دەستراگەیشتنیان بە رایەڵە جۆراوجۆرەکانی زانیاری گەیاندن‌و هەروەها ڕۆڵی ڕۆشنگەرانەو ڕێنوێنی‌کەرانەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیون، سەرەڕای کۆسپ‌و تەگەرانەی کە ڕێژیم دروستی کردوون، بە وشیاریی‌یەکی تەواوەوە‌و بە تێگەیشتنی قووڵیان لە وەزعییەتی ئێستای وڵاتەکەمان‌و جیهان، سەلماندیان کە بەرهەمی زیاتر لە دوو دەیە هەوڵو تەقەلای ڕێژیم، سەرەڕای تەرخان کردنی بوودجەیەکی زۆرو کەڵك وەرگرتن لە ڕێگای جۆراوجۆرو پلانی دواکەوتوانە، سەرهەڵدانی توێژێکە کە ئەمڕۆ بە بەشداریی میلیۆنیی خۆی لە خەبات بە دژی نیزامی سەرەڕۆو کۆنەپەرەستی ولایەتی فەقیهـ هیچ بوارێکیان بۆ بەڕێوەبردنی پیلان‌و سیاسەتە دواکەوتووانەکانی ڕێژیم نەهێشتۆتەوە.

قوتابیانی ئێستا، خوێندکاران‌و داهاتووسازانی پاشەڕۆژی وڵاتەکەمانن، هەر بۆیەش لە هەلومەرجی ناسکی ئێستای وڵاتەکەماندا زیاتر لە جاران دەبێ هەست بەگرینگیی ئەو ئەرکە بکەن کە وەك باسکی هێزو توانی هزری‌و جەستەیی کۆمەڵگا کەوتۆتە سەر شانیان‌و بە بەشداریی وشیارانەو بەربڵاوو چالاکانەو هەروەها بە کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی خۆیان‌و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی بەرەکانی پێشوو، ئەوانەی تەمەن‌و گیانی خۆیان فیدای ئازادی‌و ئاوەدانیی وڵات کرد، هەروەها بە سەرنجدان بە ڕێنوێنی‌یەکانی بەرە پێشڕەو بە ئەزموونی کۆمەڵگا، واتە مامۆستایان، ڕووناکبیران، بەتایبەتی خوێندکاران، تێکەڵ بە بزووتنەوەی سەرانسەری خوێندکارانی وڵاتەکەمان بن‌و ئەو بزووتنەوەیە بکەن بە بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی.

قوتابیان دەبێ زیاتر لە ڕابردووو بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە حاکمییەت لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا چالاك بن‌و بە هێنانە گۆڕی داخوازیە تایبەتی‌و گشتی‌یەکانیان، بوونی خۆیان وەك بزووتنەوەیەکی سەرانسەری هاودەنگ‌و یەکگرتوو لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری ڕابگەیەنن‌و دەست لە دەستی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی‌و یەکسانی، بە دژی سەرەڕۆیی‌و کۆنەپەرستی بەرچاوتر لە پێشوو لە خەبات‌و بەربەرەکانیی یەکجارەکی‌دا بەشدار بن.

❊❊❊

# قسەکردن لە لێك هەڵوەشانەوەی وڵات، سەرپۆشێك بۆ پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان

**م. مەعرووفی**

لە ماوەی خۆپیشاندانی ئازادیخوازانەی خوێندکاران‌و لاوانی وڵات لە دژی تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، هێندێك دەنگی ناساز بە ڕواڵەت بۆ دڵسۆزی‌و یەکپارچەیی‌و یەکیەتیی خاکی وڵات بەرگوێ دەکەوت. هێشتا ڕوون نەبوو خۆپیشاندانەکان تا کوێ پەرە دەگرن‌و ئاکامەکەی چ دەبێ‌و ترسی ئەوە هەبوو کە کۆماری ئیسلامی هەروەك لێی چاوەڕوان دەکرێ، خۆپیشاندانەکان لە خوێن وەربدا، هێندێك کەس لە دەرەوەی وڵات ئاگاداری‌و بانگەوازیان بڵاو دەکردەوە کە پێویستە هێزێك لە نێوخۆی وڵاتدا پێك بێ‌و پێش بە هەڕەشەی لێك هەڵوەشانەوەی وڵات بگرێ. تەنانەت لەو پێوەندی‌یەدا کەسی واهەبوو کە بانگەوازی بۆ ئەرتەش‌و سوپای پاسداران دەردەکرد کە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ!

ئەو جۆرە بانگەوازانە هەرچەند کاریگەرییان کەمەو شوێن ناخەنە سەر ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لە دژی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی، بەڵام وەبیر هێنەرەوەی سیاسەتی شۆینیزمیی ڕێژیمەکانی پاشایەتی لە ڕابردووداو کۆماری ئیسلامی لە ئێستا دایە کە هەمیشە داوای هەقخوازانەی گەلانی ئێرانیان بە ئاگرو ئاسن وەڵام داوەتەوەو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان یەکیەتیی خاکی وڵاتیان بێ ئەوەی هەڕەشەیەکی لە سەر بێ، کردۆتە بیانووو هەر چەشنە دەنگێکی ئازادیخوازانەیان سەرکوت کردوە. وەرددانەوەی ئەو جۆرە بیروبۆچوونانە جگە لەوەی خزمەت بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندی‌یەدا دەکا، هیچ سوودێکیشی بۆ ڕەوتی ئازادیخوازانەی خەباتی خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانی‌یەوە کە لە ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەدا یەکدەنگن، نیە.

هەر لەجێدا دەرکردنی بانگەوازی لەم چەشنە، جێگەی شك‌و گومانە؛ سوپای پاسداران لە هێزە سەرکوتکەرەکانی گوێ لە مستی وەلیی فەقیهەو جگە لە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی ڕێبەرو سەرکوتی هەرچەشنە حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە، هیچ ئەرکێکی دیکەی نیە. ئەم هێزە جگە لە نیهادی ڕێبەری وەڵامدەری هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی‌و تەنانەت مەجلیس‌و سەرکۆماریش نیە. بانگەوازی ئەوتۆ ئایا بە مانای ئەوە نیە کە هەرکات خەڵکی زاهیدان لە سیستان‌و بەلووچستان، ئەهواز لە ناوچەی عەرەب‌نشینی ئێران، شارەکانی کوردستان‌و ئازەربایجان لە دژی ئەو ڕێژیمە ڕژانە شەقامەکان، سوپای پاسداران بە بیانووی مەترسیی لێك هەڵوەشانی وڵات، دەست بکا بە سەرکوتی خەڵك؟ هەروەك ئەوەی لە ماوەی ٢٤ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان لە دەست ئەو هێزە سەرکوتکەرە دیتوویەتی؟ سەیرە سوپای پاسداران کە کارنامەیەکی ڕەشی لە سەرکوت، لە نێوبردنی ئازادیخوازان لە نێوخۆو دەرەوە، زیندانی‌و ئەشکەنجەی خەڵك‌و تەنانەت تیرۆرو هەموو جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەدا هەیە، ئێستا ببێتە فریشتەی نەجاتی ئێران!! داخوا ئەو جۆرە بانگەوازانە پاساوێك نین بۆ جینایەتەکانی ئەو هێزە سەرکوتکەرە؟

ئەو سیاسەت‌و بیروبۆچوونانە لە حاڵێکدا هاتوونە گۆڕو دێنە گۆڕ کە هیچ بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بە مەبەستی جیابوونەوە لە ئێران لە گۆڕێدا نیە. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیی‌یە. ئیمکانی پێکهاتنی دێموکراسی‌و کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی‌دا زۆرە. بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی کە تەنیا لە نەتەوەیەك پێکهاتوون، لە وڵاتی فرە نەتەوەدا ئەگەر نەتەوەکان مافی خۆیان هەبێ‌و چارەنووسی خۆیان بە دەست بێ، هەمووان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار دەبن‌و نەتەوەیەك‌و ڕێژیمێك بە تەنیا هەموو دەسەڵات لە پاوانی خۆیان نانێن. هەر بۆیە دیکتاتۆرەکان هەر کە کۆسپیان لە سەر ڕێگەی خۆیان بەدی کردو لەگەڵ هەڕەشەیەك بۆ دەسەڵاتیان بەرەوو ڕوو بوون، بەردی یەکیەتیی خاکی وڵات لە سنگیان دەدەن. هەروا بزانە وڵات بریتی‌یە لە ڕێژیم.

یەکپارچەیی‌و یەکیەتیی خاکی وڵات نەك ئەرتەش‌و سوپای پاسداران‌و هیچ هێزێك ناتوانێ بی‌پارێزێ، ئەو یەکپارچەیی‌یە گەلانی ئێران بۆخۆیان دەی‌پارێزن. ئەوە نەتەوەکانی ئێرانن کە ئێران بە وڵاتی خۆیان دەزانن‌و بە خاکی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی دەزانن. سەردەمی ئەوە بە سەرچوو نەتەوەیەکی باڵادەست یان کەسانێك لە سەر دەسەڵات بۆ نەتەوەیەکی دیکە دیاری بکەن کە چارەنووسیان چۆن بێ. نەتەوەکان دەبێ بۆخۆیان ئەو مافەیان هەبێ شێوەی ژیانی خۆیان‌و چارەنووسی خۆیان هەڵبژێرن. کاتێك ئەو مافە دەستەبەر بوو، ئیدی یەکپارچەیی وڵاتیش دەستەبەر دەبێ.

٢٤ ساڵە سوپای پاسداران‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی ڕێژیم بەو سیاسەتەوە خەڵکی کوردستان سەرکوت دەکەن، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە نێو بەرن‌و ئەو بزووتنەوەیە بە هێزو تواناو ئەزموونێکی زۆرەوە هەر لە مەیدان دایە. خەڵکی کوردستان چاویان لە ڕێنوێنی‌یەکانی ئەو بزووتنەوەیەو لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یەك لەوان لە خۆپیشاندانەکان‌و دروشمەکانەوە نیشانیان داوە کە پشت‌و پشتیوانی ئەو بزووتنەوەیەن. کەوابوو ئەو بڕیارە بە دەست خودی گەلانی ئێرانە. ئەوە مافی بێ‌ئەملاوئەولای هەر نەتەوەیەکە کە ئازادانە لە بارەی چارەنووسی خۆی‌دا بڕیار بدا. ئەگەر لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی‌دا هەموو نەتەوەکان مافی وەك یەکیان هەبێ‌و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بن‌و وەك هاونیشتمانی دەرەجە دوو سەیریان نەکرێ، دەکری بە مسۆگەربوونی یەکپارچەیی وڵات زیاتر هیوادار بین. بەڵام دابین بوونی مافی نەتەوایەتی پێویستیی بە جێگیربوونی ڕێژیمێکی دێموکرات‌و کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندە، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان مل بۆ ئەو دێموکراسی‌یەو دابەشبوونەوەی دەسەڵات ڕاناکێشن‌و هەر بۆیەش مۆرکی جیاوازیخوازی‌و لێك هەڵوەشانی وڵات بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێرانەوە دەنێن. چونکە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران کۆسپی هەرە گەورەی سەر ڕێگەی جێگیربوونی دیکتاتۆرین.

❊❊❊



## فیدراسیۆنی زۆران نایهەوێ قەنبەری بچێتە یاری‌یەکانی نیویۆرك!

**مێهدی بەدری**

لەسەر بڕیاری فیدراسیۆنی زۆرانی ئێران، یاری‌یەکانی جامی تەختی کە ١ی جۆزەردانی ئەم ساڵ کۆتایی پێهات هەڵبژاردنێك بوو بۆ دیاری کردنی یاریزانانی سەرکەوتوو تا لە یاری‌یەکانی جیهانیی ٢٠٠٣ی نیویوركدا بەشداری بکەن. هەر بەو مەبەستە تەواوی زۆرانەوانەکانی ئێران بە تەواوی هێزو توانایانەوە لەم یارییانەدا بەشدار بوون‌و لە کۆتایی‌دا نەفەراتی یەکەمی هەر کێشێك جیا لە ٨٤ کیلۆ بۆ بەشداری کردن لە یاری‌یەکانی جیهانی دیاری کران.

لە کێشی ٨٤ کیلودا فەرەیدون قەنبەری زۆرانەوانی کرماشانی کە ماوەیەك پێشتر لە زۆرانی قارەمانیی ئێرانیش‌دا پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو، بە دوای سەرکەوتن بەسەر تەواوی رەقیبەکان بە تایبەتی مەجید خودایی نەفەری سێهەمی جیهان لە ساڵی ٢٠٠١داو پەژمان دروستکار قارەمانی پێشووی ئاسیا، پلەی یەکەمی جامی نێونەتەوەیی تەختی وەدەست هێناو بە پێی بڕیاری فیدراسیۆنی زۆران بۆ یاری‌یەکانی جیهانی دیاری کرابوو. بەڵام دواتر کە راهێنانی خۆئامادەکردنی تیمی زۆرانی ئێران بە مەبەستی بەشداری لە یاری‌یەکانی جیهانی‌و ئاسیایی دەستی پێکرد، بۆ کێشی ٨٤ کیلو، قەنبەری، دروستکارو خودایی بانگ کران تا لە نێوانیاندا، دوو کەس بۆ یاری‌یەکانی جیهانی‌و ئاسیایی دیاری بکەن. پەژمان دروستکار کە پلەی دووهەمی جامی تەختی وەدەست هێنابوو بۆ یاری‌یەکانی ئاسیایی لە هیند دیاری کراو لەو یاری‌یانەدا بەشداریی کرد.

بە دوای کۆتایی هاتنی یاری‌یە ئاسیایی‌یەکاندا، کومیتەی فەننیی فیدراسیۆنی زۆرانی ئێران رایگەیاند کە بۆ بەشداری لە یاری‌یە جیهانییەکان لە نێوان قەنبەری، دروستکارو خودایی بەبێ بەڕێوەچوونی هیچ چەشنە یاری‌یەك نەفەرێك دیاری دەکا. ئەوە لەحاڵێك دایە کە لە کێشەکانی دیکەدا نەفەراتی سەرکەوتووی یاری‌یەکانی جامی تەختی دیاری کرابوون.

بەڕاستی مەبەستی فیدراسیۆنی زۆران لەو کارە چیە؟ قەنبەری هەم لە یاری‌یەکانی قارەمانیی ئێران‌و هەم لە جامی تەختی‌دا زۆر بەهێز خۆی نیشان داو بە جیاوازی‌یەکی زۆرەوە پلەی یەکەمی وەدەست هێناوەو جێی هیچ شك‌و گومانێکی نەهێشتۆتەوە. بەڵام فیدراسیۆنی زۆران دەیهەوێ لەسەر بڕیاری کومیتەی فەننی بەبێ بەڕێوەچوونی هیچ چەشنە یاری‌یەك نەفەرێك بەشداری لە یاری‌یەکانی جیهانی‌دا دیاری بکا. ئەوە لە حاڵێك دایە کە قەنبەری ئامادەترین‌و بەهێزترین زۆرانەوانی ئەم کێشە بە پێی بڕیاری فیدراسیۆنی زۆران دەبێ لە یاری‌یەکانی جیهانی‌یەکاندا بەشدار بێ. وادیارە مەبەستیان تەنیا لابردنی یاریزانانی لێهاتووی کورد بێ لە تیمی زۆرانی ئێران دا.

❊❊❊

# هەواڵە وەرزشی‌یەکان

**ئا: ئەشکان**

### یاری‌یەکانی جامی حەزفیی زۆرانی لاوانی ئێران

یاری‌یەکانی جامی حەزفیی زۆرانی لاوانی ئێران لە ئاستی لاواندا (ژێر ٢٠ ساڵ) کە بە شێوەی تیمی بەڕێوە دەچێ گەیشتە قۆناغی دووهەم. لە زۆرانی ئازاد دا کە بە ناوی جامی مێهدیی حاجی‌زادە ناودێر کرابوو رۆژی ٨٢/٣/١٦ تیمی "هەیئەت"ی ئوستانی کوردستان بە ١٧ـ ١٣ خاڵ لە خورەم ئابادی بردەوە. هەروەها لە قۆناغی دووهەمی یاری‌یەکان کرماشان ٢٣ـ ٧ لە تیمی زانستگای ئازادی تارانی بردەوە (٨٢/٤/٦).

لە زۆرانی شان‌و ملیش‌دا، کە بەناوی جامی حەسەن رەنگرەز ناونرابوو لە قۆناغی یەکەم‌دا کە رۆژی ٨٢/٣/١٦ بەڕێوە چوو، تیمی کوردستان ٢٣ـ٠ لە تیمی فەجری تارانی بردەوەو لە قۆناغی دووهەمیش‌دا کە لە رێکەوتی ٨٢/٤/٦ بەڕێوەچوو ١٧ـ ١٤ لە خوراسانی بردەوە.

### پلەی سێهەمی ئاسیا بۆ عەلیرەزا غەریبی

یاری‌یەکانی زۆرانی قارەمانیی ئاسیا کە لە هیندوستان دەستی پێکردبوو رۆژی ٨٢/٣/١٨ بە قارەمانیی ئێران لە هەر دوو ئاستی ئازادو شان‌و مل‌دا کۆتایی‌یان پێهات. لەم یاری‌یانەدا عەلیرەزا غەریبی زۆرانەوانی ئیلامیی شان‌و ملی ئێران لە کێشی ١٢٠ کیلۆدا پلەی سێهەم‌و میدالی برۆنزی وەدەست هێنا.

### کرماشان قارەمانی زۆرانی بە ساڵدا چوەکانی (پیشکسوت) ئێران

یاریی‌یەکانی زۆرانی ئازادی بە ساڵداچوەکانی ئێران لە چوار گرووپی تەمەنیی A, B, C, Dدا لە شاری تاران بە مەبەستی دیاری‌کردنی نەفەراتی یەکەم بۆ بەشداری لە یاری‌یەکانی جیهانی بەڕێوەچوو.

لەم یاری‌یانەدا کە لە رێکەوتی ٨٢/٣/٢٣ کۆتایی‌یان پێهات، کرماشان لە گرووپی تەمەنی C پلەی یەکەمی ئێرانی وەدەست هێناو تاران‌و مازەندەران پلەی دووهەم‌و سێهەمیان وەدەست هێنا. لە کێشی ٧٦ کیلو موحسین حوسێنی‌و لە کێشی ٩٧ کیلۆدا عەبباس یوسف نیا دوو میدالی زێریان بۆ کرماشان وەدەست هێنا. هەروەها لە گرووپی B دا لە کێشی ٦٣ کیلۆ خیروڵڵا فەتتاحی لە کرماشان پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

### عەلیرەزا سلێمانی نەفەری سێهەمی پاڵەوانیی ئێران

رۆژی ٨٢/٤/٦ یاری‌یەکانی پاڵەوانیی ئێران کە لە شاری ئیسفەهان دەستی پێکردبوو کۆتایی‌یان هات‌و لە زۆرانی پاڵەوانیی ئێران لە کێشی ٩٠ کیلۆدا عەلیرەزا سلیمانی پلەی سێهەمی ئێرانی وەدەست هێنا.

### پلەی دووهەمی ئێران بۆ ئەڵڵایاری

ئیحسان ئەڵڵایاری زۆرانەوانی نەونەمامی (نونهال) کرماشان، لە یاری‌یەکانی زۆرانی نەونەمامەکانی ئێران کە رۆژی ٨٢/٤/٨ لە شاری رەشت کۆتایی‌یان پێهات پلەی دووهەمی کێشی ٧٣ کیلۆی ئێرانی وەدەست هێنا.

### پلەی پێنجەمی لیگی حیرفەیی بۆ تیمی زولفەقار نەسەب

یانەی پەیکانی تاران بە راهێنەریی بیژەنی زولفەقار نەسەب لە حەوتووی ٢٦ی یاری‌یەکانی (رۆژی کۆتایی) لیگی حیرفەیی ئێراندا، سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە بەرامبەر یانەی سایپای تاران وەدەست هێنا. ئەم یاری‌یە کە ئاکامەکەی ٣ـ ١ بوو یانەی پەیکانی تا ریزی پێنجەم بەرز کردەوە. پێویستە بگوترێ کە یانەی سپاهانی ئیسفەهان بۆ یەکەم جار لە مێژووی فووتباڵی ئێراندا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

❊❊❊

# حیزبی دێموکرات‌و مەسەلەی ژن

**خەدیجە مەعزوور**

وڵاتێك پێشکەوتووو دیموکراتیکە کە بێجگە لەوەی لە باری تیکنۆلۆژی‌یەوە لە ئاستێکی بەرزدا بێ، مافی مرۆڤیش لە هەموو بوارەکاندا لە لایەن دامودەزگای دەوڵەت‌و یەکە یەکەی ئەندامانی دانیشتووی ئەم وڵاتەوە پیرۆزو جێگای حورمەت بێ‌و بۆ هەموو چین‌و توێژو کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌و رەگەزی‌یەکان بێ جیاوازیدانان وەبەرچاو بگیرێ‌و بۆ پەرەپێدانی هەوڵ بدرێ. ژنانیش وەك مرۆڤی کاملی کۆمەڵ لە هەر رەگەزو خاوەنی هەر مەزهەبێك بن رێزیان لێ‌بگیرێ‌و لە بەرامبەر قانوون‌و رێوشوێنە کۆمەڵایەتی‌و مەزهەبی‌یەکاندا یەکسان سەیر بکرێن، خاوەنی مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاو بن‌و هەر جۆرە ئاپارتایدێك لەو بارەوە وەك دیاردەیەکی دژی ژن بژمێردرێ.

پێوانەکانی پێشکەوتوویی وڵاتێك بۆ حیزب یا رێکخراوێکیش دروستن. دەتوانین بڵێین رادەی پێشکەوتوویی حیزبێك یا رێکخراوێك لە سیاسەتی راشکاوانەی ئەو حیزب یا رێکخراوەیە بەرامبەر مەسەلە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکان، هەر بەو رادەیەش بەڵکوو زیاتریش لە روانگەی ئەوان بەرامبەر بە مافی مرۆڤ‌و مەسەلەی ژنەوە بەستراوەتەوە چەندە لە سەر دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و لابردنی نابەرامبەری‌یەکاندا سوورە، دەتوانین بڵێین ئەوەندەش پێشکەوتوویە.

ئاشکرایە کە هەوڵ‌و تێکۆشانی ژنانی کوردستانی ئێران بۆ دابینکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانیان دەگەڕێتەوە سەردەمی کۆماری کوردستان‌و دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام خەباتی ژنانی ئێران بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و کێشەی ژنان مێژوویەکی دیکەی هەیە. لە حەق دەرنەچین ژنانی ئێران، رابردووی خەباتی پڕ لە شانازییان دژی کۆنەپەرستی‌و سەرەڕۆیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش شۆڕشی مەشرووتەو دوای ئەو شۆڕشە. ئەو کات ژنانی ئێران ئازایانە بە پێکهێنانی ئەنجومەن‌و کۆڕو کۆبوونەوەو لە بەرابەر هێندێك کێشەی نائاسایی‌و گشتی‌دا خۆپیشاندانیان دەکرد. حەرەکەت‌و چالاکیی ژنانی ئێران لە سەردەمی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دژی سەرەڕۆیی‌و سەرئەنجام لە بەئاکام گەیاندنی شۆرش لەگەڵ نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ شاراوە نیە. بەڵام ئایا هەموو ئەو فیداکاری‌و لەخۆبوردوویی ژنان لە ئێراندا دەسکەوتێکی بۆ ئەوان بەدواوە بووە؟

دەسکەوتیان، ئەم قانوونە ئەساسی‌یە پڕ لە ناتەبایی‌یە بە دژی ژنان‌و ئەو سیستمە حکومەتی‌یە دواکەوتوویە بوو کە ژنان نەتەنیا لە سێبەری‌دا بە ئامانجەکانیان نەگەیشتن، بەڵکوو لەو سەردەمەدا کە مافی مرۆڤ‌و دێموکراسی‌و مۆدێرنیزاسیۆن لە بەشێك لە وڵاتاندا گەیشتۆتە لووتکەی خۆی، ئەوان بۆ سەرەتاییترین داوا دەکەونە ژێر فشاری رووحی‌و جیسمی‌و لێپرسینەوە. ژنان لەو سەردەمەداو لە وڵاتێکی بەفەرهەنگ‌و خاوەن مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەدا لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە توندی سەرکوت دەکرێن‌و ئەمنییەتی گیانی‌وماڵییان لە مەترسی‌دایەو لەبەر نەبوونی ئیمکانی بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات‌و کارکردن‌دا، ئازار دەچێژن. رادەی خوێندکارانی ژن لە زانکۆکانی وڵاتدا ٧١٪ە، بەڵام رادەی کار بۆ ئەم توێژە کەمێك زیاتر لە ١١٪ە. سیاسەتی جیاوازیدانان‌و ئاپارتایدی جینسی درێژەی هەیەو سزادان بە شێوەی شەللاق‌و بەردەبارانکردن لە پێوەندی لەگەڵ ژنان‌دا هەر بەردەوامە. لە بواری قەزایی‌و بوارەکانی دیکە دا لە نێوان ژن‌و پیاودا جیاوازی‌یەکی زۆر دادەنرێ، وەك لە قەزاوەت، شاهیدی دان، میرات، کار، خوێندن‌و . . . دا.

هەرچەند چالاکی ئەوان‌و بەربەرەکانی کردنی بەردەوامی ژمارەیەك ژن چ وەك کەسایەتیی سەربەخۆو چ وەك چالاکێك لە رێکخراوەیەکی سیاسی ـ سینفی‌و یا رێکخراوەکانی تایبەتی ژنان لە دەرەوەو نێوخۆدا، هێندێك پاشەکشەی بە رێژیم کردوەو گۆڕانی لە بۆچوونە چەوتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌دا پێك هێناوە، بەڵام ئەوە بەس نیەو مادام بەشێکی زۆر لە ئەرکی ریسوا کردن‌و کۆتایی پێهێنان بە دەسەڵاتی ئەم رێژیمە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ژنان لە هەر سینف‌و پلەیەك‌دا بن. پێویستە ئەم توێژە زیاتر بە نووسین، چالاککردنەوەی کۆڕو کۆبوونەوەو ئەنجومەن‌و کونفرانس‌و کۆنگرەو پێکهێنانی خۆپیشاندان خۆماندوو کەن. بەخۆشی‌یەوە ئاکامی چالاکییەکانی ژنان لە سەرانسەری ئێران، بە تایبەت لە قوتابخانەو زانستگەکاندا خۆی دەرخستوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانی‌یەوە تا ئێستا باوەڕی بە مەسەلەی ژن‌و بەرابەریی ژن‌و پیاو لە بنەماڵەو لە کۆمەڵدا هەبووە. یەکەم رێکخراوی سیاسیی کورد کە هەستی بە پێویستی دامەزراندنی رێکخراوێك کردوە کە ژنان لە دەوری‌دا کۆببنەوە تا کێشەکانیان لەوێدا بێننەگۆڕ. لە کاتێکدا لە کوردستان، "یەکیەتیی ژنان" دامەزرا کە ٩٠٪ی دانیشتوانی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون‌و نەخوێندەواری لە نێو ژنانیش‌دا کەمێك لە سەددەرسەد کەمتر بووە. کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی فیئودالی بووەو سەردەمی سەرۆك عەشیرەت‌و ئاغاو شێخ‌و خاوەن ملکەکان بووە. لەو هەلومەرجەدا کە کۆمەڵ لە دواکەوتوویی‌دا بووو چارەسەری مەسەلەی ژن لە ئارەزوویەك پتر نەبوو، دامەزراندنی رێکخراوێك بۆ ژنان دەسکەوتێکی بەنرخ بوو. حیزبی دێموکرات لەو کاتە ناسك‌و ئاستەمەدا زۆر بوێرانە مەسەلەی ژن‌و ئازادی‌و بەرابەریی ژن‌و پیاوی لە کۆمەڵدا هێناوەتە گۆڕێ. بۆ سەلماندنی ئەوە پێویستە موراجیعە بە پێڕەو بەرنامەی سەردەمی کۆمار (لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی)دا بکەین کە لە فەسڵی چوارەم‌و خاڵی ٢١دا هاتوە: "پێویستە ئافرەتان وەکوو پیاوان مافی خۆیان بەکار بهێنن، لە هەموو روویەکی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی".

حیزبی دێموکرات پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌و ئەو کاتە کە کەوتۆتە بەر هێرشی نیزامیی رێژیم‌و ناچار بە بەربەرەکانێی چەکدارانە بوو، بەو حاڵەش بە کردەوە زۆر هەنگاوی گرینگی دژی دابونەریتە دزێوەکان هەڵ گرت، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا دیاردە دزێوەکانی وەك ژن بە ژنە، گەورە بە بچووك، بەرخوێندان‌و . . . بە هۆی رێکخراوەکانی حیزبەوە هەڵوەشاندەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی خۆی بە نیسبەت بەرامبەریی ژن‌و پیاو لە کۆمەڵدا، لە بەرنامەی خۆی‌دا هەموو ئەو ماف‌و ئازادییانەی کە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ‌و پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون، گونجاندوە. بە کردەوەش ئەم باوەڕ پێبوونەی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا سەلماندوەو سەرەڕای ئەوەی دژی هەموو ئەو دیاردانەیە کە ژن لە بێبەشی‌و دواکەوتوویی‌دا دەهێڵنەوەو بێ دەسەڵات‌و دەستەوەستانی دەکەن، راوەستاوەو بڕواشی بەوە هەیە کە بوار بۆ گەشەپێدان‌و دەرخستنی ئیستیعدادو لێوەشاوەیی‌و تواناکانی ژنان ئاوەڵا بێ تا بەهرەو تواناکانیان وەگەڕ بخەن‌و ئاستی زانیاری‌و وشیاریی فەرهەنگی، سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی خۆیان ببەنە سەر. لە راستی‌دا حیزبی دێموکرات باوەڕی بە فورسەتی بەرامبەر هەیە. هەرچەند لە ئێران‌و بە کوردستانیشەوە بگرە مافی بەرامبەرو فورسەتی بەرامبەر بۆ ژن لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا وەك پیاو نیە، چونکە ژنان لە قانوونی ئەساسی‌دا بە هێند نەگیراون. لە باری ئابووری‌یەوە نەتەنیا سەربەخۆنین‌و بەستراونەتەوە بە بنەماڵە یا مێردەوە، بەڵکوو هەژارن‌و وەزعی ژیانیان نالەبارە. دەسەڵاتە گرینگەکانی بڕیاردان لە دەست پیاوان دایە. پۆستە گرینگە ئیداری‌یەکان لە ئیختیار پیاوان دایە. کۆمەڵەکەمان کۆمەڵێکی پیاوسالارەو لە سەقامگیر بوونی ئەم فەرهەنگەدا بە تایبەت لە کوردستاندا رێژیمە سەرەڕۆکان تاوانباری سەرەکین.

ژنانی کوردستان زیاتر لە ژنانی دیکەی وڵات لە ژێر ستەم‌و ئازاردان. سەرەڕای ئەوە وەك ژنێك ستەمی چەند قاتیان لەسەرە، کوردن‌و لە ژێر ستەمی نەتەوایەتیش‌دا دەناڵێنن. بۆیە ژنانی کورد پێویستە زیاتر خۆماندوو کەن تا خاوەن ناسنامەو هۆوییەتی نەتەوایەتیی خۆیان بن‌و بۆدابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و نیهادینە کردنی دیموکراسی تێبکۆشن‌و هەروەها بۆ مافە زەوتکراوەکانیان لە چوارچێوەی ماڵ‌و کۆمەڵدا هەوڵ بدەن. بۆ لابردنی ئەم ستەمانەو دەستەبەرکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانیان دەبێ پشت بە هێزی خۆیان ببەستن، پێویستیان بە هاوکاری‌و پشتیوانی ماددی‌و مەعنەوی حیزبێکی پێشکەوتووی وەك حیزبی دیموکرات هەیە کە بەخۆشی‌یەوە لەو هاوکاری‌و پشتیوانی‌یە بەهرەمەندن. بەڵام بەجێ دەبوو کە بە گشتی لەو بوارەدا لە یارمەتی‌و توانای هەموو حیزب‌و رێکخراوە کوردستانی‌و رێکخراوە سێکولارەکانی دیکەی ژنانیش بەکردەوە بەهرەمەند بوونایە.

❊❊❊

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات‌و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 368 6 July 2003



بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانو وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## دەوڵەتی ئەمریکا بەرنامەیەکی تلویزیۆنی بە زمانی فارسی بڵاو دەکاتەوە



رۆژنامەیەکی ئەمریکایی لە زمان کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەمریکاوە رایگەیاندوە کە بڵاوبوونەوەی بەرنامەی هەواڵیی تلویزیۆنی بە زمانی فارسی بۆ ئێران رۆژی یەکشەممۆ ٦ی ژووئیە دەست پێدەکا.

ئەو بەرنامەیە کە ناوی "خبر و نظر"ە (هەواڵو روانگە) بریتی دەبێ لە هەواڵەکانی رۆژ، راپۆرتی پێوەندیدار بە ئێرانو بەرنامەیەکی فەرهەنگی کە هەموو شەوێ لە سەعات ٩/٣٠ تا ١٠ی بە کاتی تاران بڵاو دەبێتەوە. بە پێی راپۆرتی دەنگی ئەمریکا "وی ئۆ ئەی( VOA )کە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیەیە، رایگەیاند رایەڵکەیەك لە هەواڵنێران، هەواڵەکان لە نێوخۆی ئێران ئامادە دەکەن.

وەك "واشینگتۆن پۆست" دەڵێ ئەو بەرنامە ماهوارەیی‌یە هەوڵی دوورخراوە ئێرانی‌یەکانی دانیشتووی لۆس‌ئانجلێس کە بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تایبەتیی ماهوارەیی Satlait خەڵکی ئێران دژی حکوومەتی رووحانی‌یەکان هان دەدەن، بەهێز دەکا. بەڵام کاربەدەستانی دەنگی ئەمریکا گوتیان کە مەبەستی ئەو بەرنامەیە گەیاندنی هەواڵە نەك تەبلیغات.

کێنت تامسۆن، بەرپرسی کۆڕی بڵاوبوونەوەی رادیۆییو تلۆیزیۆنیی ئەمریکا لەم بارەیەوە گوتی: بە گەیاندنی هەواڵ سەبارەت بە ئەوەی لە ئێراندا روودەدا، دەتوانین یارمەتی بکەین بە بەرنگاریی ئازادیخوازانەو ئیرادەی خەڵکی ئێران. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە رەنگدانەوەی نائارامیی میللی‌یەو ئەگەر خەڵکی ئێران پێویستیان بە راپۆرتی دروستو ڕاستەقینە لە بارەی وڵاتەکەیانەوە بوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە. وەك واشینگتۆن پۆست نووسیویەتی ئەو بەرنامەیە لانیکەم تا ٣٠ی سێپتامبر درێژەی دەبێ.

## ٢٦ لەسەدی منداڵانی ئێران تووشی بەدخۆراکیی توندو ناونجی بوون



کارناسی دەفتەری دابەشکردنی لەشساغی، دەرمانو فێرکردنی پزیشکی رایگەیاند: ١١٪ (٤٠ هەزار) منداڵ لە وڵاتدا تووشی بەدخۆراکیی توند، کێشی کەمو کورتەباڵایی نێونجی تا توند بوون.

موهەندیس رەزا عەبدوڵڵایی لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری "لەشساغیو دەرمان"ی هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێراندا، هەژاریی ئابووری، فەرهەنگیو دسڕانەگەیشتنی فیزیکی بە سەرچاوەکانی خۆراکی باشی بە هۆکارە سەرەکی‌یەکانی بەدخۆراکی لە وڵاتدا زانیو روونی کردەوە:

هەروەها نزیکەی ١٥٪ (هەشتسەد هەزار) منداڵانی ئێرانی تووشی بەدخۆراکیی نێوەنجیو کورتەباڵایی بوون کە ئەو مەسەلەیە نیشانەی بەدخۆراکیی توندو درێژماوەیە. ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: بەدخۆراکی لە نێو ئەو منداڵانەی کە دەچنە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانو لاوانیش‌دا بەدی دەکرێ بە چەشنێك کە لە تەمەنی قوتابخانەدا کاتێك کە هەڵدانی قوتابیان دەستی پێکرد، دەفتەری دابەشکردنی خۆراك ناچار بوو هێڵی نیشانەی هەڵدانی قوتابیانی ٦ تا ٧ساڵان بینێتە ئاستی هێڵی هەڵدانی منداڵی ٤ ساڵەو ئەوەش نیشانەی بوونی بەدخۆراکیی توندو بەربڵاوە لە نێو ئەو منداڵانەی لە تەمەنی قوتابخانە دان.

موهەندیس عەبدوڵڵایی هەروەها روونی کردەوە: بەدخۆراکی کێشەیەکی چەند لایەنەیە کە هەژاریی ئابووریو فەرهەنگیو بێئاگایی دایکان لە بایەخی مەواددی خۆراکیو نەبوونی زانیاریی خۆراکیی راستو دروستو لە هێندێك حاڵەتیش‌دا دەسڕانەگەیشتن بە مەواددی خۆراکیی باش وەك هۆکارە پێکهێنەرەکانی چاو لێدەکرێن. ناوبراو هەروەها سەبارەت بە سەوەتەی خۆراکیی ئێرانی‌یەکان گوتی: بەداخەوە کڕینی مەواددی خۆراکیی نێوەنجی بە هۆی کەسانێکەوە ئەنجام دەدرێ کە لانیکەمی زانیاری‌یان سەبارەت بە بایەخی مەواددی خۆراکیو هێرەمی ستانداردی خۆراك نیەو خۆراکی ئامادە بەبێ سەرنج‌دان بە بایەخی خۆراکیی ئەوان لە بەرنامەی خواردنی بنەماڵەدا هاوردە دەکەن.

## یادی بابەك:
### نیشانەیەك لە پارێزگاریکردن لە ناسنامەو رەسەنایەتیی فەرهەنگی ئێرانی



ئەمساڵیش وەك زۆربەی ساڵانی رابردوو، ئێرانی‌یەکان بە گشتیو بە تایبەتی هاووڵاتیانی ئازەری بۆ رێزگرتن لە یادی لە دایکبوونی بابەك خوڕەمدین لە قەڵای بابەك، هەڵکەتوو لە دەوروبەری شارۆچکەی کلیبری ئوستانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات ئامادە بوون.

رۆژی پێنج‌شەممۆ ١٣ی پوشپەڕ (رۆژی لە دایکبوونی بابەك) بە هەزاران ئێرانیی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران سەرەڕای ئەو هەموو کەندو کۆسپانەی هێزە لیباس شەخسیو ئینتیزامی یەکانی رێژیم بۆیان پێکهێنابوونو تەنانەت سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ئەو "تکفیرنامە"انەی بە ئیمزای چەند ئایەتوڵڵای حکوومەتی لەوانە مەکارم شیرازیو موسەوی بڵاو ببوونەوە، خۆیان گەیاندە قەڵای بابەكو دەوروبەریو بە کۆبوونەوە لە دەوری کوچکی ئاوروو پێکهێنانی بەرنامەی هونەریو شادی‌کردن شەویان ڕۆژ کردەوەو بەم چەشنەو بە رێزگرتن لە یادی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کۆنی ئێران کە وەك رەمزی پارێزگاری لە پێناسەو فەرهەنگی ئێرانیو ئازادیخوازی چاوی لێدەکرێ، دەنگی خۆیان گەیاندە گوێی دەسەڵاتدارانی ئازادیکوژو کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی.

## "هاواری رەنگەکان"ی ئەحمەد ساڵحی گەیشتە هەولێر

بە چاوەدێریی وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (هەولێر) رۆژی ٢٩ی ژوئەن پێشانگایەکی نیگارکێشی بۆ کارە هونەری‌یەکانی هونەرمەند ئەحمەد ساڵحی لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر کرایەوە.



لەم پێشانگایەدا کە تا رۆژی ١ی ژووئیەی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە کارە هونەری‌یەکانی هونەرمەند نیشاندار بوو و لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی هونەرەوە پێشوازیی لێکرا.

"کوردستان" ماندوو نەبوونی لە کاك ئەحمەد دەکا و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازێ.

## حەسەنی:
## مەیەڵن مانتۆی کورت لەبەر کەن



حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ لەنوێترین فەرمایشەکانی‌دا، کە پێوەندیی بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خوێندکارانەوە بوو، گوتی: مەجلیس ئاوری ئاڵۆزی‌یەکانی ئەم دواییانەی وڵاتی هەڵگیرساندوە. ئێمە بە باشی دەزانین کە ئەو ئاڵۆزی‌یانە لە نامەی نوێنەرانەی مەجلیسەوە سەرچاوەی گرتوە کە وەشوێن ئەمریکا کەوتوون. کاتێك بەوان دەگوترێ بۆ ئەونامەیەتان نووسیوە دەڵێن ئێمە وەکیلی خەڵکین، بەڵام بێئاگان لەوەی خەڵك ئەو نوێنەرانەی وەلا ناوەو دەڵێن هەڵەمان کرد دەنگمان بە ئێوە دا.

ئێوە دەتانەوێ لەوهەلومەرجە ناسكو ئاستەمەدا جامی ژەهر دەرخواردی رێبەری موعەزەمی شۆڕش بدەن. میللەت ئێوەی قەبووڵ نیەو ئەو یەك میلیۆن ٢٥٠ هەزار تمەن پووڵەی هەموو مانگێ لە "بیت‌المال" وەری دەگرن، هەمووی حەرامە. ئەی نوێنەری داماو، حەوتووی ڕابردوو من چووبوومە سەر سنوور لە پیرانشار بۆ ئەوەی بزانم ئەگەر ئەمریکایی‌یەکان هاتوونەتە وڵاتەوە، مێشکیان بپژێنم، ئێستا تۆ دەتەوێ لە مەجلیس‌دا بە پێچەوانەی ڕای ڕێبەر پشتیوانی لە ئەمریکا بکەی. ئێمە ئەو گێرە شێوێنانە دەگرین، ئاگادار بن ئێوەش دەسگیر دەکرێن. پێش ئەوەی ئێمە دەس بەکار بین، ژیرانە بیر بکەنەوەو تۆبە بکەنو ئەگینا کاتێك ڕێبەری ئیرادە بفەرموێ کە خەڵك بڕژێنە شەقامەکان ئەوکات هێزی ڕێبەر دەبینن. نامە بۆ ڕێبەر بنووسن کە هەڵەمان کردوە، غەڵەتمان کردوە. ئەو نارەزایەتیو ئاڵۆزی‌یانە بە دڵنیایی‌یەوە لە پەروەندەی خوێندکاران کە دەیانەوێ سبەینێ بەرپرسایەتی وەرگرن، تۆمار دەکرێ. حەسەنی هەروەها ڕووی قسەی کردە هێزە ئینتزامی‌یەکانو دادگوستەریو گوتی: بێدەنگی بەسە یان مەیەڵن مانتۆی کورت بپۆشن یان ڕێگا بەو پیرە پیاوە ٧٦ ساڵەیە (خۆی) بدەن لەماوەی دە ڕۆژی تەواودا هەموو ئەو مانتۆ کورتانە کۆ بکەمەوە.

قازی‌یەکانی دادگوستەری نابێ تەنیا لە دەفتەرەکانی خۆیان دانیشن، ژمارەیەك قازی هاوڕێ لەگەڵ هێزی ئینتزامی لەنێو شاردا بگەڕێن ئەگەر مانتۆی وایان دی حوکم بدەن. حەسەنی هەر لەم پێوەندی‌یەدا پێشنیاری کرد: ئەگەر لەو خانمانەی مانتۆی کورت لەبەر دەکەن لەسەر شەقام ١٥ قامچیان لێبدرێ، جارێکی دیکە نە لەو مانتۆیانە هەواڵێك دەبێ نە لەو کوڕە هیپی‌یانەی خۆیان بە شێوەی ژن دەرهێناوە.

**سەرچاوە: سایتی "امروز"**

## بەر لە ماڵوایی
## شانازی بۆ بزووتنەوەی خوێندکاریی وڵاتەکەمان

ع. وریا

کە بیر لە سەرکوتی بێبەزەیی‌یانەی بزووتنەوەی خوێندکارانی ئێرانو پیلانە جۆراوجۆرەکانی کۆنەپەرستیی پاوانخوازو ئازادیکوژ بۆ بە چۆك داهێنانی توێژی راپەڕیوی خوێندکارانی وڵاتەکەمان دەکەمەوە؛ کە دەبینم ئەم بزووتنەوەیە دوای هەموو پەلامارێکی وەحشیانەو بەربڵاوی دەسەڵاتپەرستانی ئێران بە تینو گوڕێکی تازەوەو بە ئیرادەیەکی لێبڕاوانەترەوە دێتەوە مەیدانو، پایەو بناغەکانی دیکتاتۆری بە هێزێکی پتر لە جارەکانی پێشوو دەخاتە لەرزین؛ دەگەڕێمەوە بۆ رابردوو. دەکەومەوە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانو بە دوای وتەیەکدا دەگەڕێم کە تەعبیر لە بەچۆکدا نەهاتنو لەشکان نەهاتوویی خەباتێکی ئاوا پیرۆزو شیاوی ئافەرین بکاتەوە. لە نێو دەیانو سەدان وتەی پرشنگدارو مێژوویی‌دا، ئەو وتەیەی "هوشی مین" رێبەری خەباتی رزگاریخوازی گەلی ڤێتنامم دێتەوە بیر کە لە گەرمەی شەڕی رزگاریخوازیی وڵاتەکەی‌دا گوتی: **"لێگەرێ با وەك چەڵتووکەکانی شینهوا دروێنەمان بکەن. ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو بە رێژەوتر دەڕوێینەوە".**

بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا، قەرزداری ئەو رۆڵە بە بیرو باوەڕانەیە کە زانستگەکانی وڵاتیان کردوە بە سەنگەری لە گیران نەهاتووی خەبات لە پێناوی ئازادیو دێموکراسی‌دا. ئەو رۆڵە شۆڕشگێڕانەی وڵاتەکەمان، بزووتنەوەکەی خۆیان کردوە بە ئاوێنەیەکی بێخەوش لەو خەباتەی کە لە هەناوی کۆمەڵی ئێران دایە. بزووتنەوەی خوێندکاری، جگە لەوەی لە چوارچێوەی ویستو داخوازی سینفیی‌دا، خۆی زیندانی نەکردوەو ئاڵای بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆریو کۆنەپەرستیی تا گۆڕکردنی نیزامی ویلایەتی فەقیهیو هێنانە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیك لە ئێراندا هەڵگرتوە؛ لەگەڵ خۆشی‌دا، چینو توێژە دێموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی وڵاتی بۆ نێو خەباتێکی جیددی بە دروشمو داخوازی رادیکاڵەوە، راکێشاوە.

ئەوە شانازی‌یەکی گەورەیە بۆ خوێندکارانو بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران کە لە نێو هەموو ئەو چینو توێژانەو ئەو جموجۆڵو بزووتنەوانەدا کە لەم ساڵانەی دوایی لە نێوخۆی ئێراندا بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕو وەدەستخستنی ئازادیو دێموکراسی هاتنە مەیدان، راشکاوانەترو ئازایانەتر لە هەموان، دیکتاتۆریو نوێنگەو سەمبولی ئەو دیاردەیە، واتە کۆماری ئیسلامیو سیستمی ویلایەتی فەقیهیو جڵەوکێشی ئەو سیستمە، خامەنەییان کرد بە ئامانجی دروشمو رەخنەکانیانو نەك هەر ئەو خەرمانەیە پیرۆزە بە درۆیەی بۆیان پێك هێنراوە، بە هیچیان گرت، بە ماکەو سەرچاوەی رۆژڕەشیو بەدبەختی‌یەکانی خەڵکی ئێرانیشیان ناساندن.

١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨و شەو و رۆژە خوێناوی‌یەکانی جۆزەردانو پووشپەڕی ئەمساڵ، ئەگەر لە لایەکەوە چڵەپۆپەی دەنگدانەوەو زایەڵەی نەعرەتەی پرخرۆشی خوێندکارانی ئازایخوازی وڵاتەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی بوون، لە لایەکی دیکەوە، ئەوە ئەوپەڕی وەحشەتو ڕقو نەفرەتی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامییان لەو توێژەو بزووتنەوە بەرینەکەیان وەڕێخست. ئەم رۆژانە هیچکات لە بیر مێژووی ئێران ناچنەوەو لە ویژدانی مرۆڤایەتی ناسڕێنەوە. چونکە پاکترین رۆڵەکانی ئەم وڵاتە کە نە سەودای گەیشتن بە دەسەڵاتو نە نیازی گەیشتن بە پلەو پایەیەکیان لە مێشك دایەو تەنیا ئازادیو بەختیارییان بۆ وڵاتەکەیان دەوێ، بە تاوانی رەتکردنەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی‌داو بە گوناهی هەڵگرتنو هێنانە گۆڕی راشکاوانەی ئەو دروشمانەی کە ویستی دەیان میلیۆن هاونیشتمانی وەزاڵە هاتوویان، لەو پەڕی بێدیفاعیو مەزلوومییەت‌دا کەوتنە بەر پەلاماری وەحشیانەی پارێزەرانی ستەمو دیکتاتۆریو بەمجۆرە جارێکی دیکە بیرەوەریی سەرکوتی خوێناویی خوێندکارانی چین لە مەیدانی "تیان ئان مێن" لە ویژدانی مرۆڤایەتی‌دا زیندوو کرایەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا، کێ هەیە نەبینێو نەزانێ کە ئەم بزووتنەوەیە بە چۆك دانەهاتوە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە شێوەی کۆڕو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانو مانگرتنی خوێندکارانو یەکلاکردنەوەی تەکلیفی خۆیان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی رێژیم ـ بە خاتەمییشەوە ـ لە رێگای نووسینی بەیاننامەو نامە سەرئاوەڵاکانیانەوە، هەروا درێژەی هەیەو تا دێ پەرەگرتووتر دەبێ. هەر لەو کاتەدا ڕقو نەفرەتی کۆمەڵانی ئێرانیشی بە بۆنەی ئەو سەرکوتو رەفتارە پڕ شەرمو شوورەیی‌یەی لەگەڵ کوڕو کچە خوێندکارەکانیان دەکرێ، گەیاندۆتە سنووری سەرڕێژبوونو تەقینەوە. پێبەپێی ئەمەش بووە بە هۆی پێکهاتنی هاوپێوەندی‌یەکی بەرینی جیهانی لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێراندا.

لە بەرەبەری چوارەمین ساڵرۆژی کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی زانستگەی تارانو لەگەرمەی درێژەی سەرکوتی کوڕو کچو خوشكو برا خوێندکارەکانی وڵاتەکەماندا، جێی خۆیەتی شانازی بە کۆڵنەدانو پشت راست کردنەوەو هەڵسانەوەی خۆیانو بزووتنەوە پیرۆزو پڕشکۆیەکەیانەوە بکەین. شانازی پێوەکردنو رێزلێنان، نەك هەر بە سڵاو بۆ ناردنو ئافەرین پێگوتن. بەڵکوو بە پشتیوانیی بێدریغ لە ویستو داخوازەکانی ئەو بزووتنەوەیە؛ بەوەڕێخستنی جموجۆڵێکی بەرین لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بۆ ریسواکردنی رێژیمێك کە بە هەموو توانایەوە بۆ تێك شکاندنی بزووتنەوەی خوێندکاری بە تایبەتیو بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی، وەکار کەوتوە؛ بە توندتر کردنی خەبات بە مەبەستی رووخاندنی رێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی.